دامەزراوی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە:٥٤٦

www. kurdistanukurd.com

● شەممە ١٥ی خەزەڵوەر ١٣٨٩ - ٦ی نوامبر ٢٠١٠ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



ئۆباما
لە بەردەم ڕێگایەکی دژواردا
٣

سیاسی



فەڕانسە وڵاتی ناڕازییەکان
٤

دیپڵۆماتیک



دیپلۆماسیی کورد لە چ حاڵێکدایە
٨

کوردستانی



پرۆسەی «بە عەرەب کردن» لە فۆڕمێکی نوێدا
٩

«خالید عەزیزی» لە کۆڕی خوێندکاران دا لە هەولێر:

# ئەرکی خوێندکاران لە ئێران لە هەموو چین و توێژەکان قورسترە










**کوردستان . بەشی سیاسی:** «خالید عەزیزی»، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەولێر بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی نێوخۆی ئێران ڕایگەیاند کە ئەرکی خوێندکاران لە ئێران لە هەموو چین و توێژەکان قورسترە.

خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوە کە لە مێژووی ئێراندا بەردەوام خوێندکاران لە ئاڵوگۆڕەکاندا ڕۆڵیان هەبووە وتی: « ئەگەر بەتایبەتی ئێمە ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە بەرچاو بگرین، دەبینین لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا لە هەر شوێنێک باسی مافی خەڵک و دیموکراسی و یاسا لە دژی دەسەڵات کراوە، خوێندکاران ڕۆڵ و جێگە و پێگەی تایبەتیان هەبووە».

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەرکی خوێندکارانی کورد لە ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا قوورستر بووە لە خوێندکارانی دیکەی زانکۆکانی ئێران و ڕایگەیاند: «خوێندکاری کورد چ لە زانکۆکانی کوردستان و چ لە زانکۆکانی دەرەوەی کوردستان لە پەنای خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی ئەرکێکی قورستری لەسەر شانە کە ئەویش خەباتە بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی».

بۆ لاپەڕە ٢

## ئاماژەکانی پشت «میکرۆبی سیاسی»

حسێن ئەحمەدپوور

عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ڕەوتی سەفەرەکەیدا بۆ شاری قوم، بۆ جارێکی دیکە هێرشی کردە سەر ناڕازییان و ئەمجارەیان بە دەستەواژەیەکی نوێ پێناسەی کردن. «میکروبی سیاسی» ئەو دەستەواژە نوێیە کە خامنەیی بۆ ناڕازییان و سەرکردەکانی بە کاری هێنا، ئەوەی کە کەمێک بە بارودۆخی سیاسیی ئێران ئاشنا بێ، هیچ گومانی نیە کە مەبەستی خامنەیی ڕێک چالاکن و ڕێبەرانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێرانە کە بە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوو، ئەم بزووتنەوەیە کەوتە قۆناخێکی دیکەوە.

«میکرۆب» ئەو هۆکارەیە کە لەنێو جەستە یان ئۆرگانیزمێک دا تەشەنە دەستێنێ، ئەو جەستەیە یان ئۆرگانیزمە نەخۆش دەخاو ئەگەر بێتوو بە زوویی چارە نەکرێ، ئەوا دەبێتە هۆی لە نێوچوونی جەستە یان ئۆرگانیزمەکە. کاتێک کە خامنەیی باسی میکرۆبی سیاسی دەکا دەیەوێ ئاماژە بەو هۆکارانە بکا کە لەنێو جەستەو ئۆرگانیزمی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بوونیان هەیە و لە حاڵی تەشەنە سەندندان و ئەگەر چارە نەکرێن، ئەوا کۆماری ئیسلامی لە نێو دەچێ. بوونی میکرۆب واتە بوونی نەخۆشی، بەم شێوەیە خامنەیی خۆی بە زمانی خۆی دان بە نەخۆشی لە نێو ئۆرگانیزمی ڕێژیم دادەنێ.

میکرۆبی سیاسی قێزەونترین، پڕ لە سووکایەتیترین دەستەواژەیە کە کەسێک دەتوانێ بۆ نەیارەکەی بە کاری بێنێ. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە قورسترین دەستەواژەیە کە تا ئێستا لە مێژوویی کۆماری ئیسلامیدا بۆ نەیارەکان بە کار براوە. دەستەواژە گەلێکی وەک «دوژمن»، «دژە شۆرش»، «منافق»و.. هیچ کامیان لە ڕووی واتاییەوە قورسایی «میکرۆبی سیاسی» یان نییە. هەمووی ئەوانە دەکرێن لە نێو نەبرێن و ڕێگەی گەڕانەوەیان هەیە. بۆ نموونە دەکرێ بڵێین دوژمن ئەو کەسە نییە کە ناچار بین لە نێوی ببەین، بەڵکوو دوژمن ئەو کەسەش هەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری دوژمنایەتی کردنی ئێمەی لە سەر دا نەمێنێ و بتوانین لەگەڵی ئاشت بینەوە. دژەشۆڕش و منافق و .. دەکرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان پاشگەز ببینەوە و بەر لێبوردن بکەون، بەڵام میکرۆبی سیاسی، بە پێی سرووشتی خۆی هیچکام لەو ئەگەرانەی لە بەردەم دا نیە و بە ناچاری دەبێ لە نێو ببردرێ. چوونکە جیا لەوە تەشەنە دەستێنێ و تێکڕای سیستەم لە نێو دەبا. جیاوازی سەرەکی میکرۆبی سیاسیش لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوە دایە کە میکرۆبی سیاسی لە نێو جەستەی سیستم دا سەرهەڵدەداو جەستە لە کار دەخا.

ئەگەر ئەم شیکردنەوەی سەرەوەمان قبووڵ بێ، دەبینین کە خامنەیی لێکدانەوەیەکی واقیعبینانەی بۆ سیستمی کۆماری ئیسلامی هەیە بە پێی بۆچوونی زۆربەی بیرمەندانی سیاسی یەکەم نیشانەی داڕمان و لە نێوچوونی سیستمێکی سیاسی توتالیتێر ئەوەیە کە لە نێو بەدەنەی سیستم دا هەڵوەرین درووست ببێ.

درێژە لاپەڕە ٢

## پشتیوانی بەربڵاوی جیهانی لە سەکینە مەحەمەدی ئاشتیانی

دوا بە دوای ئەوەیکە، ڕۆژی دوشەممەی هەفتەی ڕابردوو ئەو هەواڵە بڵاو کرایەوە کە بەرپرسانی قەزایی ئێران بڕیاریان داوە ڕۆژی چوارشەممە سەکینە مەحەمەدی ئێعدام دەکەن، شەپۆلێک لە ناڕەزایەتیی جیهانی بە دژی ئەم بڕیارەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دروست بوو.

سارکوزی سەرکۆماری فەرانسە لە پێوەندییەکی تەلەفوونی دا هەڕەشەی لە سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە کە ئەگەر بێتوو تاڵە موویەک لە سەر سەکینە کەم بێتەوە، دەوڵەتی فەرانسە هەموو پێوەندییەکانی لە گەڵ ئێران دەپچڕێنێ. هەروەها وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە وتووێژێک لە گەڵ «ڕادیۆ فەردا» کۆماری ئیسلامیی لە ئاکامی وەها جینایەتێک وریا کردەوە. هەر لەم پێوەندییەدا سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی برێزیلیش لە پرێس کۆنفرانسێک ئێعدامی سەکینە ئاشتیانی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە بە هەر پێوانەیەک ئەم مەسەلە هەڵسەنگێنین، ئێعدامی سەکینە




ئاشتیانی، کارێکی وەحشیانەیەو کۆماری ئسلامی دەبێ واز لەم بڕیارەی بهێنێ.

جیا لە هەڵوێستی ڕەسمی چەندین وڵاتی ڕۆژئاوایی، ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ ناڕەزایەتیان دەربڕی و ئەم هەواڵە لە ئاستێکی بەربڵاو دا لە میدیا جیهانی و لۆکاڵییەکان دا دەنگی دایەوە، بە چەشنێک کە ئێستا کۆدەنگییەکی جیهانی بە دژی سزای لە سێدارەدان لە کۆماری ئیسلامیی دا دروست بووە.

## سەفەری هەیئەتی پارلمانی ئێران بۆ سوئێد ناڕەزایەتیی بەربڵاوی لێکەوتەوە

هەیئەتێکی پارلمانی ئێران کە لە سەر بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوەی سوئێد لە ڕۆژانی ٤ و ٥ ی نوامبر سەردانی سوئێدیان کرد، ئەم سەردانە ناڕەزایەتیی بەربڵاوی لە ناوخۆی سوئێد و لە لایەن کوردو ئێرانییەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتەی لێ کەوتەوە.

ناڕەزایەتیی کورد و ئێرانییەکان لەو سەفەرەی هەیئەتیی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران بووە هۆی ئەوەیکە پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەش هەڵوێست بگرن. پارتی سۆسیال دێموکراتی سوئێد وێڕای ڕەخنەگرتن لە بانگهێشت کردنی ئەم هەیئەتە لەلایەن دەوڵەتی سوئێدەوە بە ئەندامانی فراکسیۆنەکەی خۆی لە پارلمان دا ڕایگەیاندوە کەلە دانیشتن لەگەڵ هەیئەتی ئێرانی دا تەنیا بۆیان هەیە لەسەر بابەتی پێشێل کردنی فافی مرۆڤ لە ئێران قسە بکەن و ناڕەزایەتیی خۆیان




لە دۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لەو وڵاتە ڕابگەیەنن. هەر دوو پارتی سەوز و لیبراڵیش ڕایانگەیاندوە کە نوێنەرەکانی ئەوان ئامادە نین لە گەڵ هەیئەتیی مەجلیسی ئێران دابنیشن.

## ٢٨ڕێکخراوی ژینگە پارێزی نیگەرانی خۆیان لە سووتانی دارستانەکانی کوردستان دەربڕی

٢٨ ڕێکخراوی ژینگە پارێزی، پارێزگاکانی کورستان و ڕۆژئاوای ئێران لە بەیاننامەیەکی هاوبەش دا نیگەرانیی خۆیان لە پێڕانەگەیشتنی دەوڵەت بەقەیرانی سووتانی دارستانەکانی کوردستان دەربڕی و هاوڵاتیان و حکوومەتیان لەمەترسیداربوونی بارودۆخی ژینگەیی وریا کردۆتەوە. لەو بەیاننامەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە سووتانی دارستانەکانی داوێنی زاگرۆس لە ئاستێکی بەربڵاو دا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەندە روون و حاشا هەڵنەگرە کە بووەتە قەیرانێکی گەورەی ژینگەیی. ئەو ٢٨ڕێکخراوەیە داوا لە حکوومەت دەکەن کە لەم پێوەندییەدا چیتر بێ دەنگ نەبێ و هەنگاوی جیدی هەڵبگرێتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا دەبیری ئەنجوومەنی سەوزی«چیا»ی مەریوان ڕایگەیاند کەلە ساڵی ١٣٨٦بە دواوە ئاگر تێبەردانی دارستانەکانی کوردستان و بە تایبەت مەریوان



بە شێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە دەچێ و وێدەچێ کەسانێک بە ئانقەست دارستانەکان ئاگر دەدەن و کەسانێک لە پشت ئەم کارەوەن. دەبیری ئەنجوومەنی ژینگە پارێزی چیا هەروەها ڕایگەیاند تا ئێستا ٥٦٩ فەقەرە سووتانی دارستانەکانمان سەبت کردوە کە هیچ هەنگاوێک لەلایەن دەوڵەت و ئۆرگانە پێوەندیدارەکان هەڵنەهێنراوەتەوە.

## کورد، دەستبەرداری پۆستی سەرکۆماریی عێراق نابێ

ئەندامێکی هەیئەتێکی دانوستانی کورد لە بەغدا ڕایگەیاند کە سەرکردایەتیی کورد هەموو لایەنەکانی عێراق و وڵاتانی ئامریکاشیان ئاگادار کردۆتەوە کە کورد دەستبەرداری پۆستی سەرکۆماریی عێراق نابێ .

دوکتور مەحموود عوسمان بە ئاژانسی ئاکا نیوزی ڕاگەیاندوە کە بەم دواییانە ئامریکا فشارێکی زۆری خستۆتە سەر بەرپرسانی کورد، بۆ ئەوەی دەستبەرداری پۆستی سەرکۆمار لە بەرژەوەندیی لیستی ئەلعێراقییە دابن.

دوکتور مەحموود عوسمان ڕوونی کردۆتەوە کە بەرپرسانی کورد بەرپرسانی ئامریکایان ئاگادار کردۆتەوە کە ناچنە ژێر باری فشاری هیچ لایەنێک و نەک هەر دەستبەرداری پۆستی سەرکۆماریی عێراق نابن، بەڵکوو دەستێوەردان لە کاروباری نێو خۆی عێراق لەلایەن هەر وڵاتێکی بیانیش مەحکووم دەکەن.

شایانی باسە کە پێشتر مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو داوا



کردنی پۆستی سەرکۆمار لەلایەن کوردەوە بە پێی ئەوە نیە کە کورد تەنیا هێزێکی سیاسییە، بەڵکوو بە پێی ئەوەیە کە کورد دوای نەتەوەی عەرەب دووهەم نەتەوەیە لە عێراق دا.

شایانی باسەکە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٨ مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق، هێشتا لیستە براوەکان لە سەر پۆستی سەرۆک وەزیران کێبەرکێیانە و بەو هۆیەوە نەیانتوانیوە لەسەر پێکهێنانی حکوومەت ڕێک بکەون.

# دیدار و چاوپێکەوتنی هەیئەتەکانی حدک و کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان

**لە دانیشتنێکی نێوان دوو هەیئەتی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە دا دوایین ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان تاووتوێ کران.**



سێ شەممە، ڕێکەوتی ١١ ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی عومەر ئێلخانیزادە، سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لەیەن هەیئەتێک بە سەرۆکایەتی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازی لێ کرا.

لە دانیشتنی نێوان هەردوو هەیئەت دا کۆمەڵێک باسی پێوەندیدار بە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی جیهان، ئێران و کوردستان تاوتوێ کران و هەر دوو هەیئەت راوبۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان لەم پێوەندیانەدا خستەڕوو.

لەم دیدارەدا هەردوو لایەن وێڕای دەرک کردن بە بارودۆخی هەستیاری ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و، بە ڕوانینێکی رەخنەگرانەوە پێوەندییەکانی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان تاوتوێ کردو پێیان وابوو کە بۆ دەرخستنی هەرچی زیاتری قورسایی بزووتنەوەی کورد لە ئێران، پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر کار لە سەر لێک نیزیک بوونەوەیان لە گەڵ یەکتری بکەن.

لەم دیدارەی نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو، هەردوو لا پێداگرییان لە سەر پێوەندییەکانیان و کاری هاوبەش کردەوە.

# دیداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ پارتی ئازدایی کوردستان

**هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**لە بنکەی سەرەکیی پارتی ئازادیی کوردستان چاوی بە بەرپرسانی ئەو حیزبە کەوت.**



لە درێژەی دیدارو چاوپێکەوتنە سیاسییەکانی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، پارتی ئازادیی کوردستان پێشوازیی لە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەر، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە، سەردانی پارتی ئازادیی کوردستانی کردو لە لایەن هەیئەتێکی ئەم پارتەوە بە سەرۆکایەتیی حسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازایی کوردستانەوە پێشوازیی لێ کرا.

لە دیداری نێوان هەردوو هەیئەت دا باسەکانی پێوەندیدار بە ئەمڕۆی بارودۆخی سیاسیی جیهان و ئێران و کوردستان تاووتوێ کران، لەم دانیشتنەدەدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی هەستیاری ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و ئەو گوشارە سیاسی و ئابوورییانەی کە لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە خراونەتە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکرات و پارتی ئازادی بە ڕوانینێکی رەخنەگرانەوە باسیان لە پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو لەو باوەڕەدابوون کە خوێندنەوەیەکی تازەتر لە پێوەندییە کوردستانییەکان بکرێ و پییان وابوو پێویستە جدیيانەتر لە رابردوو هەوڵ بۆ پێکهێنانی کەش و هەوایەکی دۆستانە لە نێوان هێزە سیاسییەکان دا بدرێ.

پێوەندی دۆستانەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان و درێژەدان بە کارە هاوبەشەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە، تەوەری دوایین بەشی ئەم دیدارو چاوپێکەوتنە بوو.

•••••••••••••••••••••••••••••

درێژەی
**«خالید عەزیزی» لە کۆڕی خوێندکاران دا لە هەولێر:**

# ئەرکی خوێندکاران لە ئێران لە هەموو چین و توێژەکان قورسترە

خالید عەزیزی لە درێژەی وتەکانیدا بە ئاماژە بەوەی کە خوێندکارانی کورد بە دوو شوناسەوە خەبات دەکەن و لە کێشەکاندان وتی:» یەکێک لەو دوو شوناسە کە خوێندکارانی کورد خەباتی بۆ دەکەن شتێکی هاوبەشە لەگەڵ هەموو خوێندەوارانی ئێرانی لە پێناو مافی مرۆڤ و سەقامگیر کردنی دیموکراسی، دەسەڵاتی یاسا و نەمانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی سیستمێکی بەرپرسیارو وڵامدەر. دووهەمیان ئەو ئەرکانەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ مافە نەتەوایەتییەکانیدا دەکەوێتە سەرشانیان».

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان خوێندکارانی کوردی دەرەوەی زانکۆکانی کوردستانی بە باڵوێزی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان لە قەڵەمدا وتی:» خوێندکارانی کورد لە زانکۆە جۆراوجۆرەکانی ئێران باڵوێزی خەڵکی کوردستان و دەبێ کار بکەن لە پێناو نەهێشتنی ئەو ڕوانگە ئەمنییەتییەدا کە کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە بەسەر کوردستاندا زاڵی کردووە هەوڵ بدەن کە خەڵکی دیکە لە مافە و ویستە نەتەوایەتییەکانیان تێبگەیەنن و ڕۆشنگەری پێویست بکەن».

کەسی یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی جێگیر نەبووەو ئازادییەکانی مرۆڤ سەرکوت دەکرێن و دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ زاڵە، خوێندکاران دەبنە ناوەندنی کێشەی خەڵک لەگەڵ دەسەلات.

خالید عەزیزی بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بابەتە وتی:» لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی سەقامگیرە بە پێی سروشتی دیموکراتیکی ئەو وڵاتانە چین و توێژی جواروجۆر لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا ناڕەزایەتی بەرانبەر بە دەسەڵات دەردەبڕن. لە نێو ئەو چین و توێژانەدا زۆرتر لە هەموویان لە نێو توێژی خوێندکارادا زیاترین پرسیار دروست دەبێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی رادیکاڵی خوێندکارو بزووتنەوەی خوێندکاری و وردکۆڵیان لە گەڕان بە دوای وڵامی پرسیارەکاندا».

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات هەروەها دووپاتی کردەوە کە لە وڵاتانی دیموکراتیکدا بە هۆی سەقامگیر بوونی دیموکراسی ئەرکی خوێندکاران کەمترە، بەڵام لە وڵاتانی نادیموکراتیک و دیکتاتۆردا ئەرکی خوێندکاران قورسترە.

عەزیزی لە کۆتایی قسەکانیدا بە ئاماژە بەوەی کە کێشەی کورد لە ئێران کێشەی حیزبێک و توێژێکی تایبەت نییە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەبێ بە گوێرەی تواناو دەرەتانی خۆیان لە خەبات بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانیان بەشدار بن.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە تەوەری سەرەکی باسەکە لەسەر «ڕۆڵی خوێندکاران لە بزووتنەوەی کورد دا» بوو پاش وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات ژمارەیەک لە بەشدابووان ڕاو سەرنج و پرسیاری خۆیان خستە ڕوو کە دواتر لە لایەن خالید عەزیزی یەوە قسەیان لەسەر کرا و وڵامیان درایەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە کە لە لایەن کومیتەی خوێندکاری حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێکخرابوو ڕۆژی هەینی رابردوو(١٤ی ڕەزبەری ١٣٨٩) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو کە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند.

لە ژمارەی داهاتووی «کوردستان»دا دەقی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم کۆڕەدا بڵاو دەبێتەوە.

# سەردانی هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

**هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.**



لە دیدارێکی نێوان دوو هەیئەتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا نوێترین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق و مەسەلەسیاسییەکانی پێوەندیدار بە باشووروو ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسیان لە سەر کرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی خەزەڵوەر هەیئەتێک لە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەهمەن حسین، بەرپرسی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی ئەم حیزبە، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لە لایەن هەیئەتێکی ئەم حیزبەوە بە سەرۆکایەتی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازی لێ کرا.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک باسی پێوەندیدار بە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق هاتنەگۆڕی کە بریتی بوون لە هەوڵی لایەنە سیاسییەکانی وڵاتی عێراقی فیدراڵ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ و ڕۆڵ و پێگەی کوردەکان لە دەسەڵاتی داهاتووی عێراق دا و هەروەها باس کردن لە هەلومەرجی ئەمڕۆی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

•••••••••••••••••••••••••••••

درێژەی:

# ئاماژەکانی پشت «میکرۆبی سیاسی»

هەر بۆیە خامنەیی لە خۆرا نیە کە مەجبوور دەبێ خراپترین دەستەواژە بۆ هاوڕێکانی تا دوێنێی خۆی بە کار بێنێ و بە کار بردنی ئەو دەستەواژەیەش لەلایەن ناوبراوەوە نیشانەی ئەوەیە کە تا سەر ئێسقان هەستی بە مەترسییەکە کردوە، بۆیە بەم دەستەواژەیە حوکمی لە نێوبردنی هاوڕێکانی دوێنێکەی خۆی دەرکردوە.

ئێستا لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ڕێبەران و چالاکانی بزووتنەوەی سەوز لە نێوخۆی وڵات، کەسانێکی وەک موسەوی و کەڕووبی و.... کە لەلایەن خامنەییەوە بڕیاری لە نێوبردنیان دراوە، لێرە بە دواوە دەیانەوێ چۆن هەڵوێست بگرن؟ هەڵوێست گرتنی ئەوان لە ڕوویەکی دیکەشەوە گرینگە، چوونکە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی سوونەتی و لە مێژینەی کۆماری ئیسلامی (چ وەک حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، چ وەک بە میلیون خەڵک لە نێوخۆی ئێران) بە پێچەوانەی ڕێبەری ڕێژیم ئەوانە بە پادژەهری سیستم دەزانن. کەم نەبوون کەسانێک کە بەو تێبینیەوە پێیان خۆش بوو ئەحمەدی نژاد دەسەڵاتی گرتە دەست، چونکە پێیان وایە سیاسەتەکانی ئەحمەدی نژاد و هاوبیرەکانی یارمەتی بەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامیی زووتر بەرەو لێواری مەرگ نزیک بێتەوە. ئێستا پاش تێپەڕبوونی نزیک بە ١٧ مانگ بە سەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوزدا و بە تایبەت لەم چەند مانگەی دوایی دا بە هۆی فشارەکانی ڕێژیم جۆرێک هەست بە لاوازیی و بێ چالاکیی دەکرێ، هەست بە پێویستی گرتنەبەری هەڵوێستی نوێ، ستراتژی و ڕێگەی نوێ دەکرێ، جیا لەوە هیچ دوور نییە کە بە هۆی لاواز هەنگاوونانی ئەوانەوە، خەڵک تووشی بێ هیوایی بن و ئەو بەشە لە ڕێبەران و چالاکانی بزووتنەوەی سەوز کە لە ناخی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی دا هاتوونەتە دەرەوە، لە نێوان دوو بەرداشی دوو ڕوانگەی «میکرۆبی سیاسی» و «پادژەهری سیستم» دا تێدا بچن.

# کۆبوونەوەی ٩ حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوئێد

کۆتایی مانگی ڕەزبەردا، ٩ حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوئێد بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئاڵۆزی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دانیشتنێکی هاوبەش دا چەند بابەتێکی گرینگی پێوەندیدار بەو باسانەیان تاوتوێ کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە چوارەمین دانیشتنی زۆربەی ئەو حیزب و لایەنانە بوو، باس لە پێویستیی هاوکاریی بەردەوامی ئەو لایەنانە کرا و چەند پێشنیار و میکانیزمێکیش لەو پیوەندییەدا هاتنە بەرباس.

ئەو حیزب و لایەنانەی لەو کۆبونەوەیەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە:

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک)
پارتی سەربەخۆیی کوردستان



پارتی سەربەستیی کوردستان
کۆمەڵە، پارتی سۆسیال دێموکراتی کوردستان
ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان
بزووتنەوەی‌دێموکراتیکی یارسان
کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد لە ئۆرووپا

# بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی سویسی حدک لەکۆنگرەی پارتی سوسیال دێموکراتی سویس

**هەیئەتێکی کومیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان [ پێکهاتوو لە ڕەحمان ئیبراهیم زادە و کەماڵ سەلیمی بەشداریی لەکۆنگرەی پارتی سوسیال دێموکراتی سویسی کرد.**

کۆنگرەی حیزبی سوسیال دێموکراتی وڵاتی سویس لە ڕۆژەکانی شەممە و یەکشەممە، ٨ و ٩ ی خەزەڵوەر لە شاری لۆزان بەسترا و لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی ئەو حیزبە لە کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە، هەیئەتێکی کومیتەی حدک لەو کۆنگرەیەدا بەشداری کرد.



لە سەرەتای کردنەوەی کۆنگرە کە دا کە نیزیک بە هەزار کەس تێیدا بە شداربوون، کێسلا ئامریلا، بەرپرسی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سویس لە کانتۆنی ڤات باسێکی لە سەر کاروباری ڕابردووی حیزبەکەیان کرد.

پاشان کریستییان لیوێرت، سکرتێری ئەو حیزبە ڕاپۆرتێکی گشتی لە سەر کارو تێکۆشانی حیزبی سۆسیال دێمۆکرات لە کۆنگرەی ڕابردو را تا ئەو کۆنگرەیە پێشکەش کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکڕات لەو کۆنگرەیەدا توانی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی و بەرپرسانی ئەو حیزبەدیدار و چاوپێکەوتنی نوێ کردەوە.

شایانی باسە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەنیا حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بە شێوەی ڕەسمی بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشت کرابوو.

# دانیشتنی هاوبەشی نوێنەرایەتیی حدک و پارتی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٨ ی خەزەڵوەرلەسەر داوای کۆمیتەی حیزب لەوڵاتی سوئێد، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەر دوو هەیئەتی پارتی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بارەگای پارتی دێموکرات لە شاری ستۆکهۆڵم پێک



هات.

ئەم دیدارە کە نزیک بە سێ کاتژمێری خایاند و باس لەتەوەرەکانی پیوەندی دار بەکورد بە گشتی و کوردەکانی دانیشتوی سوئێد بە تایبەتی کرا.

نوێنەرانی هەر دووحیزب وێڕای پێداچوونەوەیەکی پێویست بەکار و تێکۆشانی ڕابردوو، باسیان لە پلان و ئەرکەکانی داهاتوو کرد و کۆک بوون لەسەر هاوفکری و هاوکاری زیاتر لە داهاتوو دا لەوڵاتی سوئێد و ئەم دانیشتنە لەلایەن هەر دوو لاوە بەرز نرخێندرا..

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتی بوون لە:

کاک ئیقبال سەفەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری دەرەوەی وڵات

خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی یەکیەتی ژنانی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات،

کاک محەممەد ئیسماعیلی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و بەرپرسی پیوەندیەکانی حیزب

کاک فەردین قادری ئەندامی کۆمیتەی گشتی حیزب

کاک مەلا ڕەحمان کاژەیی ئەندامی کۆمیسیۆنی پیوەندیەکان

کاک عەزیز ئەفسەر دلێر ئەندامی کۆمیسیۆنی پیوەندیەکان

# کۆمیتەی سوئێدی حدک لە گەڵ بەرپرسی رایەڵەی کوردیی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد کۆ بۆوە



ڕۆژی چوارشەممە ٣ی مانگی نۆڤامبر بەرامبەر بە ١٢ی خەزەڵوەر کەمال حەسەنپوور بەرپرسی پەیوەندییە سوێدییەکانی کۆمیتەی سوێدی حدک و فەردین قادری ئەندامی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکان, لە شاری ستۆکهۆڵم لە گەڵ بەرێز کلاس نوردمارک بەرپرسی رایەڵەی کوردیی سەر بە حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەم وڵاتە کۆ بوونەوە.

تەوەری یەکەمی باسەکانی ئەم کۆبوونەوە کە یەکەم چاوپێکەوتنی لایەنی حدک لە گەڵ بەرپرسێکی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد پاش هەڵبژاردنی مانگی سێپتامبر بوو، ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە و ڕەنگدانەوەی لە ئاستی سوێد و نێونەتەوەییەوە بوو

وەفدی حدک و بەرێز نوردمارک هاوڕا بوون سەبارەت بە دەستپێشخەریی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سوێد بۆ بانگهێشتنی گروپێک لە نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی بۆ سەردانێکی فەرمی لە وڵاتی سوێد و هەردوو لا لە سەر ئەم باوەرە بوون کە لە کاتێک دا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وا بێ بەزەیییانە درێژە بە سەرکوتی جیابیران ئەدا، ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە جگە لە ڕەوایی دان بە سەرکوت و دیکتاتۆری لە ئێراندا ئاکامێکی تری نابێ.

پاشان بارودۆخی کوردستان بە گشتی، ئێران و روژهەڵاتی کوردستان و دوایین ڕووداوکان لەم ناوچەیە هاتنە بەر باس.

# زیندانییەکی سیاسیی دیکە لە گرتووخانەی دیزێل ئابادی کرماشان کوژرا

**ە درێژەی کوشتنی زیندانییانی سیاسی بە دەستی مەئموورەکانی ڕژیم لە زیندانەکاندا، زیندانییەکی سیاسیی دیکە بە ناوی « پەیمان خەنجەری» لە زیندانی دیزل ئابادی کرماشان کوژرا.**

لپەیمان خەنجەری تەمەن ٣٠ ساڵە و خەڵکی قەسر شیرین بوو، کە ماوەی ٩ ساڵ بوو لە زیندانی دیزێل ئابادی کرماشاندا بوو. ناوبراو کە لە ماوەی زیندانی بوونیدا تووشی نەخۆشیگەلێکی جۆربەجۆر بووبوو، بە هۆی لێدان و کوتانی بەکرێگیراوانی بەرپرسی زیندانەوە بە توندی بریندار و لە بەر پێڕانەگەییشتن بە برینە قورسەکانی ڕۆژی ١٩ ی ڕەزبەر گیانی لە دەست دا.

پەیمان خەنجەری سەرەڕای ئەوەی کە ٩ ساڵ لە زیندانەکاندا لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕژیمەوە بەردەوام ئەزیەت و ئازار دەدرا و زۆر جار بۆ وتووێژی تەلەفزیۆنی لەلایەن مەئموورانی ئەمنییەتیەوە شکەنجە دەدرا بەڵام هیچکات ئامادە نەبوو کە لە گەڵیاندا هاوکاری بکا. هەروەها دایک و باوک و خوشک و زاواکەشی لە لایەن ئیتلاعاتەوە لە کرماشان دەسبەسەر و ماوەی سێ ساڵ لە زینداندا بوون.

شایانی باسە کە زیندانیانی سیاسی



کورد جگە لە ئەشکەنجە کران لە لایەن مەئموورانی ئەمنییەتی و بەرپرسانی زیندانەکانەوە، بەردەوام مەترسیی کوشتن و لە ناوچوونیان لە لایەن باندە مافیاییە بەکرێگیراوەکانی ڕژیمەوە لە نێو زیندانەکاندا لەسەرە.

# بەردوامیی فشارەکان بۆسەر چالاکانی خوێندکاری



لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا هەواڵ و زانیارییەکان لەسەر چالاکانی خوێندکاری و خوێندکاران بەگشتی باس لەوە دەکەن کە تا ئێستا زۆرێک لە خوێندکارانیی دەستبەسەرکراو چارەنووسیان هەروا نارڕوونە.

.کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران بڵاویان کردۆتەوە کە دلێر روزگەرد خەڵکی سەقز، هەژیر ئیبراهیمی و غیاس نادرزادە کە خوێندکاری زانکۆی تەورێزن ماوەیەک لەوە پێش لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە لە شوێنی حاوانەوەیان دەستبەسەرکراون و بەرەو شوێنێکی نادیار راگوێزراون.

لەلایەکی دیکەوهبەریوەبەری نووسینگەی گشتیی وەزارەتی زانست و تێکنۆلۆژیئێران رایگەیاند کە ١٢ لقی خوێندنی زانکۆ، پێویستییان بە پێداچوونەوە و بەئیسلامی کردنهەیە و جارێ بۆ ئەو ١٢ لقە خویندکار وەرناگیرێن.

بەردەوامی فشارەکان بۆسەر چالاکانی خۆێندکاری و بەرتەسککرنەوەی چالاکیەکانیان و هەروەها بڕیاری ناوەندەکانی پەروەردەو راهێنان لەسەر نێوەرۆکی وانەکان نیگەرانی زۆری لای خوێندکاران و چالاکانی ئەم بوارە درست کردوە.

# هەڵوەشاندنەوەی زانکۆی زانستە پزیشکیەکانی بەهەشتی

**زانکۆی زانستە پزیشکیەکانی بەهەشتیش لە بڕیارێک دا هەڵاوەشارە راگەیەندرا.**

دوای هەڵوەشاوە راگەیاندنی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران، کتووپڕ زانکۆی زانستە پزیشکیەکانی بەهەشتیش لە بڕیارێک دا هەڵوەشاوە راگەیەندرا.

عەلی باغبانی لە وتووێژێک لەگەڵ هەواڵدەری فارس رایگەیاندوە کە، دوای ئەوەی بڕیاری هەڵوەشانەوەی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران درا، زانکۆی «شەهید بەهەشتیش» هەڵ دەوەشێتەوە، ئەمە لە حاڵێک دایە کە زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران تاکە زانکۆی پەروەردەی بێهداشت و دەرمانە و کارو چالاکییەکانی لە ئێران دا دیار وبەرچاوە.

باغبانی بە ئاماژەدان بەوەی کە هەڵوەشانەوەی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران نایاساییە لەسەر داخرانی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران ئاماژەی بەوەش داوە کە رابردووی چالاکییەکانی ئەم زانکۆیە پێش لە دەست پێکردنی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران چالاکییەکانی زانکۆکانی علووم پزشکی تاران و بەهەشتی بووە.

ئەم ئەندامەی هەیئەتی زانستی علووم پزشکی ئێران ئەوەشی راگەیاند کە شۆرای بەرزی فەرهەنگیی ئێران دەتوانێ زانکۆ هەڵوەشێنێتەوە بەڵام



هەڵوەشانەوەی کارو چالاکییەکانی زانکۆی علووم پزشکی ئێران بەبێ ئاگاداری ئەم ناوەندە کراوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لەلایەک بڵاوکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆ بۆ هەموو شارەکانی ئێران بەبیانووی نەبوونی خەوتنگە بۆ خوێندکاران بەتایبەت بۆ کچان و ئەمجارەش هەڵوەشانەوەی کارو چالاکیی هێندێک لە زانکۆکان چەندین پرسیارو گومانی درووست کردوە. وەک ترس لە سەرهەڵدانی نارەزایەتیی بەربڵاوی خوێندکاران بە تایبەت کە کاتی نزیک بوونەوەی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار لە گۆڕێ دایە.

# تەنیا لە مانگی خەزەڵوەر دا ٣٣ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون

**بە بڕیاری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لە مانگی خەزەڵوەر دا ٣٣ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون.**

بە گوێرەی هەواڵی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، تەنیا لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ دا ٣٣ کەس بە تاوانی جۆراوجۆر لە لایەن دەزگای قەزایی ڕژیمی ئیسلامییەوە لە سێدارەوە دروان کە لە نیو ئەو ٣٣ کەسەدا دوو ژن و تازەلاوێک بەرچاو دەکەون.



لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەی دەستەی داکۆکی کارانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا هاتووە کە شارەکانی کرمان بە لە سێدارەدانی ٩ کەس و ئیسفەهان بە ٦ کەس لە ڕیزی یەکەمی ئەو لیستە دا جێیان گرتووە. هەروەها شیراز و ئەهواز لە ڕیزی سێهەم وچوارەم دان.

هەروەها لەم ڕاپۆرتە دا باس لە ئەشکەنجە و ئازاری بەندکراوەکان کراوە و چەندین کەسیش بە بەرچاوی خەڵکەوە شەلاق کاری کراون. ئەوە جگە لەوەی کە لە تاران و مەشهەد و یەزد بە پێی بریاری داداگا دەستی سێ کەس بە تاوانی دزی پەڕێندراوە.

کاربەدەستانی ڕژیم بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کردەوە دژی ئینسانیانەی خۆیان دەیان و سەدان بەڵگەی تاوان بۆ گیراوەکان دەخەنە سەر یەک، بە شیوەیەک کە ڕەنگە کەس و کاری ئەو کەسانە بۆ خۆیان لە کردەوەی کەس وکارە گیراوەکەیان بێزار بن.

دیارە ئەوە جاری یەکەم نیە کە ڕاپۆرتی لەم بابەتە لە لایەن ڕێکخراوەکانی داکۆکی کار لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا بڵاو دەکرێتەوە و لەسێدارەدان و ئەشکەنجە و ئازار و دەست بڕین و شەلاق لێدانی گیراون بە بەرچاوی خەڵک بۆتە کارێکی باو و ڕۆژانە.

# سەفەری خامنەیی بۆ شاری قوم، هەوڵێک بۆ «کڕینەوەی» مەشرووعییەت

مەسعوود رەواندوست

عەلی خامنەیی کە دوای مردنی خومەینی و بە پێی پلانێکی داڕێژراوی رەفسەنجانی لە لایەن مەجلیسی خوبرەگانەوە وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژێردراو بە شەوێک لە حوجەتولئیسلامییەوە بوو بە ئایەتوڵڵا، پێگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی و بە تایبەت ئایینی و زانستییەکەی هەمیشە لەژێر پرسیارو گوماندا بووە و لە نێو کۆمەڵگای زانایانی ئایینیی شیعەی نیشتەجێی شاری قوم ئاستێکی نێونجی و لەرزۆکی هەبووە.

خامنەیی وەک ئایەتوڵڵایەک کە ئاستی زانستی و پێگەی ئایینیی ئەوەندە بەرز نەبووە کە بەشی زۆری «مراجع تقلید» دانی پێدابنێن و هەتا ئێستاش ئەو پێگەیەی کە وەک ڕێبەرێکی ئایینی حکوومەتی ئیسلامی کە تەنانەت خۆی بە وەلیی ئەمری موسوڵمانانی جیهان دەزانێ، وەدەست نەهێناوە دوابەدوای هاتنە سەرکاری وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی دەسەڵات و داهات و سەرمایەکانی وڵات هەوڵی سەپاندنی خۆی و پتەوکردنی بناغەکانی دەسەڵاتی خۆی داوە و لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا بە پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سەرکوتکەرانە و پۆلیسی بەرپەرچی هەموو دەنگە جیاواز و دژبەرەکانی داوەتەوە و دیکتاتۆرییەکی رەشی بەسەر ئێران‌دا زاڵ کردوە.

خامنەیی هەروەها وەک ڕێبەری ئایینی حکوومەتی ئیسلامییش کە پێویستی بە هەبوونی بەرزترین پلەی زانستی و پشتگیری و تەئیدی «مراجع تقلید»ی گەورەی شیعە هەیە، هیچکات نەیتوانیوە ئەم پشتگیرییە تەواو و بێ ئەملاو ئەولایە وەدەست بێنێ و جگە لە چەند «مرجع»ی سەر بە حکوومەت وەک «مکارم شیرازی» و «مصباح» هیچکام لە «مرجع»ە سەربەخۆ و رەخنەگرەکانی حکوومەت دانیان بە «مرجعیت»ی خامنەیی و ئاستی زانستیی ناوبراو دانەناوە و نامە (رسالە)کەی وەک «مرجع» هەتا ئێستاش لە لایەن زانایانی گەورەی شیعە قەبووڵ نەکراوە و ناوبراو کە خۆی وەک بە «مرجع تقلید» و تەنانەت وەلیی ئەمری موسوڵمانانی جیهان دەزانێ، لە نێو خۆی ئێران‌دا تەنیا بۆ ژمارێکی کەم لە شیعەکانی سەر بە حکوومەت وەک کەسێکی شیاوی تەقلید لێکران دەناسرێ و ئەمە بۆ مەشرووعییەتی حکوومەتی دینی بە خاڵێکی لاواز دەژمێردرێ و هەمیشە جێی نیگەرانیی خامنەیی بووە.

بە دوای هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ٨٨ و رووداوەکانی دوای هەڵبژاردن و هاتنە سەرشەقامی خەڵکی ناڕازی لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن و دواتر پەرەسەندنی راپەڕینەکە و فراوان بوونەوەی پانتایی داوا و خواستەکانی خەڵک و نارەزایەتی دەربڕین لە دیکتاتۆریی ئاخوندی و دژکردەوەی توند و دڕندانەی ڕێژیم و سەرکوتی بێ بەزەییانەی خەڵک لە لایەن دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم، رەوایی و مەشرووعییەتی ڕێژیم بە شێوەیەکی بێ‌وێنە کەوتە ژێر پرسیار و هەتا نزمترین ئاستی خۆی دابەزی. لەم نێوەدا بەرزبوونەوەی دروشمی «مرگ بر خامنەای» و «خامنەای قاتلە ولایتش باطلە» لە لایەن خەڵکی شارەکانی ئێرانەوە وەک تیرێک لە دڵی دەسەڵات دراو و رەوایی خامنەیی، جێگەو پێگەی لەرزۆکی ناوبراوی وەک ڕێبەری ئایینی ئەوەندەی دیکە بردە ژێر پرسیار و ناوبراوی وەک بەرپرسی سەرەکیی کوشتن و ئەشکەنجە و تەنانەت دەستدرێژییەکان، لە هەمیشە بێ ئیعتبارتر کرد.

لەم نێوەدا خامنەیی کە دەسەڵاتەکەی لە رووخان‌دا دەدیتەوە، بۆ نەجاتی خۆی و دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی جگە لە سەرکوتی دڕندانەی خەڵک داوای لە «مراجع تقلید» کرد کە لەم قەیرانەدا کە حکوومەت لەگەڵی بەرەڕوو بۆتەوە لایەنگری لە حکوومەت بکەن، بەڵام جگە یەک دوو کەس لە «مراجع»ی سەر بە حکوومەت زۆربەی «مراجع تقلید»ی گەورەی شیعە بێ دەنگییەکی تێکەڵ بە نارەزایەتییان گرتەبەر و تەنانەت هێندێکیان وەک ئایەتوڵڵا مونتەزیری و صانعی و بەیات زۆر بە توندی مەشرووعییەتی حکوومەت و شەخسی خامنەییان بردە ژێر پرسیار و لایەنگریان لە خەڵک کرد. ئەم هەڵوێستەی «مراجع تقلید» بووە هۆی ئەوەی رەوایی خامنەیی و حکوومەتەکەی ئەوەندەی دیکە دابەزێ بەجۆرێک کە ئەم بێ مەشرووعییەتییە بووە هۆی درووست بوونی کەلێنی گەورە لە نێو ریزەکانی دەسەڵات‌دا و کێشە و گرفتە نێوخۆییەکانی حکوومەتیش بە لافاوی رق و بێزاریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانەوە زیاد بێ و بناغەکانی حکوومەت لە هەمیشە سستتر و لاوازتر بێ.

دوای ئەوەی ڕێژیم بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت و وەڕێخستنی شەڕێکی تەواو عەیار لەدژی خەڵکی ئێران و لەسەر شەقامەکان بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی نیزامیی سەرکوتکەر و کوشتن و گرتن و ئەشکەنجە و زیندانی کردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە لاوان و ژنان و پیاوانی وڵات توانی بێ دەنگی و هێمنایەتییەکی کاتی بەسەر تاران و شارەکانی دیکەی ئێران‌دا زاڵ بکا و بە خەیاڵی خۆی پاشەکشە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک بکا و ئەمجارەش لە مەترسیی رووخان و نەمان رزگاریی بێ، کەوتە نۆژەنکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێز و مەشرووعییەتی لەدەستچووی خۆی.

رووداوەکانی دوای هەڵبژاردن بۆ جیهان و بە تایبەت بۆ ڕێژیمی ئاشکراکرد کە خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە مەشرووعییەت و رەوایی لە لای خەڵکی ئێران نەماوە و خامنەییش کە هیوایەکی ئەوتۆی بە گەڕاندنەوەی مەشرووعییەت لەم بوارەدا نیە کەوتە بیری ئەوەی مەشرووعییەتی دینی وەک ڕێبەری ئایینیی حکوومەتی ئیسلامی وەدەست بێنێتەوە و بە پشت بەستن بەو تیۆرییە کە ڕێبەری حکوومەتی ئایینی مەشرووعییەت لە خەڵک وەرناگرێ و تەنیا پێویستیی بە مەشرووعییەتی دینی هەیە کەوتە گوشارهێنان بۆ سەر ناوەند و «مرجع»ە ئایینییەکان بۆ ئەوەی مەشرووعییەتیی دینیی خۆی کە هەر لە سەرەتاوە جێی گومان و لەژێر پرسیاردابوو بەرزکاتەوە.

دیارە تەنیا کەسانێک و تەنیا شوێنێک کە دەتوانن ئەم رەواییە بۆ خامنەیی دەستەبەر بکەن «مراجع تقلید»ی شیعە و شاری قوم وەک ناوەندی مەزهەبیی حکوومەتە کە هەموو موجتەهید و «مراجع تقلید»ی شیعە بڕوانامە و مەشرووعییەت لەوێ و لە «مراجع» و زانایانی گەورە و ناسراو لە حەوزەی عیلمییە وەردەگرن.

هەر بۆیە خامنەیی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە کەوتە بیری رازی کردن و ملکەچ کردنی ئەم «مرجع»انەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن و بە رەخنەگرتن و تەنانەت دژایەتییەکانیان تا ئێستا مەشرووعییەتی خامنەیی و دەسەڵاتەکەیان لەرزۆک و خەسارهەڵگرتر کردوە، یان لانیکەم رازی کردنی ئەو «مرجع»انەی تا ئێستا لە ئاست حکوومەت بێ دەنگ بوونەوە و ئامادە نەبوون پشتگیریی حکوومەت بکەن. بۆ ئەم کارە خامنەیی و بەیتی رەهبەری لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا کەوتوونەتە وتوویژ و قسەکردن لەگەڵ زۆربەی ئەم «مرجع»انە و بە هەر شێوەیەک بۆیان کراوە گوشاریان بۆ هێناون و تەنانەت خودی خامنەیی چەند سەفەرێکی نهێنیی بۆ قوم کردوە و هەوڵی داوە دڵی لانیکەم بەشێک لەم «مرجع»انە وەدەست بێنێ.

هەر لە درێژەی ئەم پرۆژەیەدا بەرنامەی سەفەری رەسمیی خامنەیی بۆ شاری قوم داڕێژرا و هەوڵەکان بۆ ئامادەکاری بۆ ئەم سەفەرە دەستی پێکرد. دیارە لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا کە بە نهێنی هەوڵی رازی کردن و وەدەستهێنانی دڵی «مراجع» لە ئارادابوو داوایان لێکرابوو کە لە کاتی سەفەرەکەی خامنەیی‌دا پێشوازی لە ناوبراو بکەن، بەڵام نیشانەکان دەریانخست کە لەم هەوڵانەدا سەرکەوتوو نەبوون.

بەڵام هەروەک دەرکەوت خامنەیی و دەست و پێوەندەکانی حیسابێکی تایبەتیان بۆ ئەم سەفەرە رەسمییە کردبوو و دەبوایە ئەم سەفەرە بە شێوەیەکی بەرین و بەربڵاو و وەک کارناڤاڵێک لە گەورەیی و شکۆ و مەشرووعییەتی خامنەیی لە



شاری قوم و ناوەندی مەزهەبیی حکوومەت بەڕێوەبچێ. هەر بۆیە لە نزیک دوو مانگ بەر لە سەفەرەکەوە چەندین لێژنە بە سەرپەرستیی بەتیی رەهبەری و دەزگای ئیتلاعاتی سەر بە ڕێبەر دامەزران بۆ ئەوەی هەموو ئامادەکارییەکان بۆ ئەم سەفەرە بکەن و کاروباری پێشوازی و وەڕێخستنی کارناڤاڵەکە و پێشوازی کردنی «مراجع» بە باشی بەڕێوەبچێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ٤٥ رۆژ بەر لە سەفەرەکەوە وێڕای وەڕێخستنی پروپاگەندە و هات و هاواری تەبلیغاتی بۆ ئەم سەفەرە، لە لایەک گوشارێکی زۆر و کەم وێنەیان بۆ سەر «مراجع تقلید»ی سەربەخۆ و تەنانەت نزیکان و بنەماڵەکانیان دەست پێکرد بۆ ئەوەی لە کاتی هاتنی خامنەیی بە پێشوازییەوە بچن و لەو پێناوەدا لە هەڕەشە و بێ حورمەتی و تەنانەت داخستنی وێبسایت و حیسابە بانکییەکانی چەند کەس لە «مراجع»یش خۆیان نەبوارد. لە لایەکی دیکەوە بە خەرج کردنی چەندین میلیارد تمەن و چاپی هەزاران وێنە و پۆستێر و هێنانی ژمارێکی زۆر لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە شار و گوندەکانی دەوروبەر و وەڕێخستنی دەیان وێستگەی سەڵەواتی و قوربانی کردنی سەدان سەر مەڕ و ماڵات لە گۆشە و کەناری شاردا هەوڵیان‌دا سەفەری خامنەیی وەک سەفەرێکی کەم وێنە بۆ نیشاندانی مەشرووعییەت و رەوایی ناوبراو زەق بکەنەوە.

سەرەنجام سەفەری خامنەیی رۆژی سێ شەممە ٢٧ی رەزبەر دەستی پێکرد و هەروەک چاوەڕوان دەکرا رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و هەموو راگەیەنەکانی سەر بە ڕێژیم بە هەموو تواناوە دەستیان بە گەورەکردنەوەی ئەم سەفەرە کرد و بەشێکی بەرچاوی بەرنامەکانیان بۆ ئەم رووداوە تەرخان کرد.

خامنەییش وەک ڕێبەری موسوڵمانانی جیهان! بە دەست بڵاوی و حاتەمبەخشییەوە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانی بەسەر دەست و پێوەند و بەکرێگیراوانی‌دا بڵاو دەکردەوە و کارناڤاڵێکی چەندین میلیار تمەنی لەسەر حیسابی خەڵکی ئازارچێشتووی ئێران بۆ نیشاندانی بەرواڵەت خۆشەویستی و گەورەیی خۆی بەڕێوەبرد.

بەڵام پرسیار ئەوەیە داخوا ئەم هات و هاوار و دەست بڵاوی و خەرج و شانۆیەی لەم ماوەیەدا بەڕێوەچوو تا چ رادەیەک توانی مەبەست و ویستەکانی خامنەیی بەجێبێنێ و داخوا ناوبراو بە کام بەش لە ئامانجەکانی ئەم سەفەرە گەیشت و پێی دڵخۆشە؟

ئەوەی لەم سەفەرە و هات و هاواری راگەیەنەکانی سەر بە ڕێژیم‌دا سەرنجڕاکێش بوو بێدەنگی و تێپەڕین بە تەنیشت هەڵوێستی «مراجع تقلید»ی سەربەخۆدا بوو کە بە پێچەوانەی ویست و چاوەڕوانییەکانی خامنەیی لەم سەفەردا نەک پێشوازییان لە ناوبراو نەکرد بەڵکوو تەنانەت ئامادەنەبوون چاویان بە ناوبراو بکەوێ.

لەم سەفەردا تەنیا «مصباح» و «نوری همدانی» واتە دوو ئاخوندی سەر بە دەسەڵات هەر لە سەرەتای سەفەردا بەرەوپیری خامنەیی چوون و لە «مراجع»ی سەربەخۆ و بێ دەنگیش تەنیا «صافی گلپایگانی» و «شبیری زنجانی» لەژێر گوشار و هەڕەشەکانی ڕێژیم‌دا بەشداری میوانیی شامی خامنەیی بوون، بەڵام ئەوانیش جگە لە بەخێرهاتنی ئاسایی باسی هیچ بابەتێکیان لەگەڵ خامنەیی نەکرد.

ئەوەی زۆر گرینگ و جێی سەرنج بوو ئەوە بوو کە «مراجع»ی سەربەخۆی وەک «وحید خراسانی» کە خەزرری سادق لاریجانییە، «صانعی»، «موسوی اردبیلی»، «محمدسادق روحانی»، «محقق داماد»، «حسینی شیرازی»، «صادقی تهرانی»، «محمدعلی گرامی قمی»، «اسداله بیات» و زانایانی «مجمع مدرسین و محققین حوزە» ئامادەنەبوون چاویان بە خامنەیی بکەوێ و بەم هەڵوێستەیان جێگەو پێگەی ئایینی و سیاسیی ناوبراویان ئەوەندەی دیکە بردە ژێر پرسیار و، راگەیەنەکانی ڕێژیمیش هیچ باسێکیان لەوە نەکرد کە بۆچی زۆربەی «مراجع تقلید»ی گەورەی شیعە ئامادەنەبوون چاویان بە وەلیی ئەمری موسوڵمانانی جیهان! بکەوێ.

تەنانەت خەڵکی بە رواڵەت ئاسایی و ئەو کەسانەی لە ماوەی سەفەر و شوێنە جیاجیاکانی سەفەرەکەدا لە دەوروپشتی خامنەیی دەبینران بەشێکی زۆر کەمیان خەڵکی شاری قوم بوون و زیاتر لەو کەسانە پێک دەهاتن کە بە پووڵ لە شار و گوندەکانی دەوروبەرڕا هێندرابوونە قوم.

کەوابێ دەبینین ئەم هەوڵەی خامنەیی بۆ کڕینەوەی مەشرووعییەت نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێ و دەرکەوت کە لێکدانەوەی ئەمجاری خامنەیی و راوێژکارەکانی وەک هەمیشە هەڵە بووە. خامنەیی و راوێژکارەکانی لە داڕشتنی ئەم سەفەردا ئەم خاڵە گرینگەیان وەبەر چاونەگرتبوو کە «مرجعیت»ێک کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا و لە هەلومەرجی ئاسایی‌دا ئامادەنەبووە مل بۆ داواکانی حکوومەت و رەوایی بەخشین بە خامنەیی و تەئیدی پلە پایەی زانستی و ئایینیی ناوبراو کەچ بکا، ئێستا دوای رووداوەکانی یەک ساڵی رابردوو و راپەڕینی بەرینی خەڵک و پشت کردنی خەڵک لە ڕێژیم چون لە بەرامبەر ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا دەوەستنەوە و لەببەیک بە خامنەییەک دەڵێن کە ئێستا خەڵکی ئێران بە قاتڵی ناودەبەن.

**«مرجعیت»ێک کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا و لە هەلومەرجی ئاساییدا ئامادەنەبووە مل بۆ داواکانی حکوومەت و رەوایی بەخشین بە خامنەیی و تەئیدی پلە پایەی زانستی و ئایینیی ناوبراو کەچ بکا، ئێستا دوای رووداوەکانی یەک ساڵی رابردوو و راپەڕینی بەرینی خەڵک و پشت کردنی خەڵک لە ڕێژیم چون لە بەرامبەر ویست و چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا دەوەستنەوە و لەببەیک بە خامنەییەک دەڵێن کە ئێستا خەڵکی ئێران بە قاتڵی ناودەبەن**

# ئۆباما لە بەردەم ڕێگایەکی دژواردا

**سەرەتا:**

پاش چوار ساڵ، لە ئاکامی هەڵبژاردنێکدا رۆژی سێ شەممەی رابردوو(٢٠١٠/١١/٢) کۆماریخوازەکان دیسان توانیان زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەست بێنن و بەم جۆرە شکستیان بە دیموکراتەکان بە رێبەری باراک ئۆباما هێنا. دوو ساڵ لەمەوبەر ئۆباما بە دروشمی» ئێمە دەتوانین» توانی لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاردا پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان شکست بدا و پۆستی سەرکۆماری ئەو وڵاتە بە دەستەوە بگرێ. یەکێک لە هۆکارەکانی دۆڕاندنی کۆماریخوازەکان لەهەڵبژاردنەکانی دوو ساڵ لەمەوبەدا بارودۆخی نالەباری ئابووری ئەو وڵاتە بوو. لە پەنای ئەمەشدا ئەو قەیرانانەی کە کۆماریخوازەکان لە شەڕی ئەفغانستان و عێراقدا تووشی هاتن کاریگەر بوون. سەرەڕای ئەمانە ئەوە کە بۆ یەکەم جار لە ئەمریکا رەش پێشتێک توانی دەنگی خەڵک بەرەو لای خۆی رابکێشێ و لە ئاکامدا هەم رکابەرە هاو حیزبییەکەی(هیلاری کلینتۆن) و هەم سناتۆرێکی بە ئەزموونی وەک «جۆن مەکین» لە کۆماریخوازەکان شکست بدا، لە خۆیدا رووداوێکی مێژوویی گرنگ بوو. هاتنە سەرکاری ئۆباما ئومێدێکی زۆری لای خەڵکی ئەو وڵاتە دروست کردن و پێیانوابوو کە ئەو دەتوانێ ئابووری ئەمریکا لە قەیران دەرباز بکا. ئۆباما لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بەو بۆنەوەی کە زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکەی لە پشت بوو، لە هێنانە گۆڕی هەر چەشنە گەڵاڵە و پرۆژەیەک باکی نەبوو و بە تەواوەتی زاڵ بوو بە سەر بارودۆخەکەدا، بەڵام ئێستا بە بێ دەنگی زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەران هیچ گەڵاڵەیەکی بۆ پەسەند ناکرێ.

**هۆکاری سەرەکی دۆڕاندنی دیموکراتەکان**

هەر وەک ئاماژەی پێدارا یەکێک لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی دۆڕاندنی کۆماریخوازەکان و هاتنە سەرکاری ئۆباما قەیرانی ئابووری ئەو وڵاتە بوو. ئەگەر سەیر بکەین ئێستاش یەکێک لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی دۆڕاندنی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی سێ شەممەی رابردوو، دیسان قەیرانی ئابووری ئەو وڵاتەیە. کەواتە لە سەرکەوتن و دۆڕاندنی هەر حیزب و لایەنێک لە ئەمریکا ئابووری دەوری یەکلاکەرەوەو سەرەکی دەگێڕێ.

بە پێی راپرسییەک کە ئاژانسی «ئاسۆشیتێدپرێس» کردویەتی دوو لە پێنجی دەنگدەران بارودۆخی ئابووریان لە چاو دوو ساڵ لەمەوبەر نالەبارتر بووە. لەم رووەوە زۆربەری چاودێران لە سەر ئەو بروایەن کە قەیرانی ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگترین هۆکاری نارەزایەتی خەڵکی ئەو وڵاتە بووە کە دەنگیان بە پاڵێوراوی دیموکراتەکان نەداوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بە پێی دوایین ئامارەکان رێژەی بێکاری لە ئەمریکا سەرەوەی نۆ لە سەدە و دەوڵەتی ئەو وڵاتە نزیکەی یەک ترلیۆن و ٣٠٠ ملیارد دۆلار کەمی بوودجەی هەیە.

**کامیار**

ئەگەرچی باردۆخی ئابووری ئەمریکا لە چاو ساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتی «جۆرج بوش» ئێستا باشترە، بەڵام بە پێی دروشمەکانی ئۆباما لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا، چاوەڕوانی خەڵکی ئەو وڵاتە زیاتر لەوەیە کە ئێستا هەیە.



> **لەم هەڵبژاردنانە جارێکی دیکە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە لە ئەمریکا خەڵک دەسەڵاتی بە دەستەوەیە و ئەگەر رۆژێک لە حیزب یان بەرپرسێک ناڕازی بوون، زۆر ئازادانەو دیموکراتیکانە لە رێگای سەندوقەکانی دەنگدانەوە دەیگۆڕن. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵک لەوێ کار و خزمەتی بۆ گرنگە نەک دیموکرات بوون یا کۆماریخواز بوون**

**ئۆباما پاش دۆڕان**

سەرکۆماری ئەمریکا پاش راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی رۆژی سێ شەممە، رۆژی چوار شەممەی رابردوو بەرپرسیاریەتی شکستی دیموکراتەکانی وە ئەستۆ گرت و وتی:»خەڵک دڵسارد و نائومێد بوون لە پرۆسەی ئارام و لە سەرەخۆی ئالوگۆڕەکان، بۆیە دۆڕاندمان». بارک ئۆباما لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو بە دوای خاڵی هاوبەشدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆماریخوازەکان کار بکا و پرۆژەکانی بەرێتە پێشەوە و ئامادەیە گوێ بۆ رەخنەو پێشنیارەکانیان راگرێ و کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئەم وتانەی ئۆباما لە کاتێکدا بوو کە رێبەرانی کۆماریخوازەکان پاش سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکان رایانگەیاند کە گەڵاڵەی «چاودێری تەندروستی» ئۆباما کە پێشتر لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەو وڵاتەوە پەسەند کرا بوو، هەڵدەوەشێننەوە.

ئێستا کۆماریخوازەکان زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکایان بە دەستەوەیە. لێرەوە بەدوا باراک ئۆباما رێگایەکی دژواری لە بەردەمدایە و هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەوە کە کۆماریخوازەکان لە پەسەند کردن و بەرەوە پێش بردنی پرۆژەکانیدا هاوکاری تەواوی بکەن. بە بۆنەوە ئێستا ئۆباما وەک دوو ساڵی رابردوو ناتوانێ بە دڵنیایی تەواوەوە دەست بۆ هیچ پرۆژەیەک ببا و بۆ ئەوەی تەنگ و چەڵەمەی زیاتری بۆ دروست نەبێ ناچارە ملکەچی پێشنیارو داخوازییەکانی کۆماریخوازەکان بێ. بۆیە هەر لە ئێستاوە شێوەی ئاخاوتنی بەرانبەر بە کۆماریخوازەکان گۆڕاوە و ئیدی ناتوانێ ئۆبامای دوو ساڵ لەمەوبەر بێ.

ئۆباما ئەگەرچی لەم هەڵبژاردنانەدا سەر نەکەوت و ئەزموونێکی تاڵی چێشت، بەڵام یەکەم سەرکۆماری ئەمریکا نییە کە لە یەکەم خولی دەسەڵاتیدا تووشی ئاوا شکستێک دەبێ. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە دەبینین کەسانێکی خۆشەویستتر لە ئۆباما وەک: «رۆناڵد ریگان» و «بیل کلینتۆن» تووشی ئاوا چارەنووسێک هاتوون. بەڵام لێرە جیاوازییەک لە گۆڕێدایە ئەویش ئەوەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو شەپۆلەی کە دوو ساڵ لەمەوبەر ئۆباما وەک رەش پێستێک لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا وەرێ خست و هیواو ئومێدێکی زۆری دروست کرد، دەکرێ بڵێین ئەم هەڵبژاردنانە بۆ دیموکراتەکان بە گشتیی و ئۆباما وەک سەرکۆماری ئەمریکا بەتایبەتی شکستێکی گەورە بوو.

**چەند خاڵی گرنگ**

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا چەند خاڵی گرنگ و جێ سەرنجی تێدایە کە هەرکام پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە. لەبەر گرنگی بابەتەکە بە پێویستم زانی کە لێرە بە کورتی ئاماژەیەکیان پێ بکەم و بۆ ئێمە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین و سیاسەت دەکەین پێویستە ئەزموونیان لێ وەربگرین.

١ـ ئەم هەڵبژاردنانە جارێکی دیکە سەلماندی کە لە ئەمریکا دەنگدەری سابت زۆر کەمە و ململانێ لەم نێوانەدا زۆر سەختە و هیچ حیزب و لایەنێک ناتوانێ لە کاتی هەڵبژاردندا پاڵی لێداتەوە و خاترجەم بێ لەوە کە دەیباتەوە. بۆیە لە کاتی هەڵبژاردن حیزب وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوە دەنگ وەگڕ دەخرێ.

٢ـ کولتووری تولێرانس و یەکتر قبووڵ کردن. ئەگەر چاو لە ئاخاوتنەکانی باراک ئۆباما بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو وەک سەرکۆمارێک نەک هەر دۆڕاندنی حیزبەکەی لەم هەڵبژاردنانە نەخستە ئەستۆ ئەم و ئەو، بەڵکوو راشکاوانە وتی کە بەرپرسیاریەتی ئەم شکستە وەئەستۆ دەگرم و دەستی هاوکاری بۆ کۆماریخوازەکان درێژ کردەوە. لێرەوەیە کە بەبێ کوشتن و خوێن رێژی دەسەڵات دەستاودەست دەکەن.

٣ـ لە هەمووی گرنگتر ئیرادەی خەڵکە. لەم هەڵبژاردنانە جارێکی دیکە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە لە ئەمریکا خەڵک دەسەڵاتی بە دەستەوەیە و ئەگەر رۆژێک لە حیزب یان بەرپرسێک ناڕازی بوون، زۆر ئازادانەو دیموکراتیکانە لە رێگای سەندوقەکانی دەنگدانەوە دەیگۆڕن. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵک لەوێ کار و خزمەتی بۆ گرنگە نەک دیموکرات بوون یا کۆماریخواز بوون.



**ئاکام:**

ئۆباما قبووڵی کرد کە دۆڕاون و بەرپرسایەتییەکەشی وە ئەستۆ گرت. هاوکات دەستی هاوکاری بۆ کۆماریخوازەکان درێژکردەوەو رایگەیاند کە ئەو هەولدەدا بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و کار کردن لەگەڵ کۆماریخوازەکان لە سەر هەڵوێستی هاوبەش. لە بەرانبەردا تا ئێستا کۆماریخوازەکان نەتەنیا سیگناڵێکی وایان بە ئۆباما نەداوە کە هاوکاری دەکەن، بەڵکوو دەڵێن «ئێمە پێشی ئەو رەوتە دەگرین کە ئێستا ئەمریکا دەی پێوی و خەڵکەکەی دژیەتی و ئاراستەکەی دەگۆڕین». لە راستیدا ئەمە بەو مانایەیە کە ئۆباما لەمەو بەدوا رێگایەکی دژواری لەبەردەم دایە و هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێدرا ناتوانێ وەک دوو ساڵی رابردوو بێ باکانە بچێتە پێش.

ئەگەر ئاوڕێک لە ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئەمریکا پاش جەنگی دووەمی جیهانی بدەینەوە، دەبینین جگە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٨ نەبێ، تا ئێستا هیچ حیزبێک لەو وڵاتە نەیتوانیوە زیاتر لە دوو خول (هەشت ساڵ) بەردەوام دەسەڵاتی کۆشکی سپی بەدەستەوە بێ. کاتێ جۆرج بوش لە گەرمەی شەڕ و کێشە لە عێراقدا ساڵی ٢٠٠٤ توانی بۆ جاری دووهەم ببێتەوە سەرکۆماری ئەمریکا، ئەگەری ئەوەی کە چوار ساڵ دواتر دیموکراتەکان دەسەڵاتی کۆشکی سپی بەدەستەوە بگرن زۆر بوو و هەر واشی لێ هات.

ئێستاش بە پێی ئەو شکستەی کە باراک ئۆباما لەم هەڵبژاردنانەدا تووشی هاتووە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە نەتوانێ بۆ جاری دووهەم ببێتەوە بە سەرکۆمار، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە لەم رێگا دژوارەدا ئایا ئۆباما دەتوانێ خۆی رێک بخاتەوە و بیسەلمێنێ کە «بەڵێ دەتوانێ» و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکۆماریدا ئەم شکستە قەربوو بکاتەوە یا نا؟ پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئۆباما دەتوانێ ئابووری ئەمریکا لە دوو ساڵ داهاتوودا لە قەیرانی دەرباز بکاو بیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە دڵخوازی خەڵکەکەیەتی یا نا؟ پرسیار ئەوەیە کە ئایا کۆماریخوازەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران چەندە هاوکاری دەکەن کە بتوانێ پرۆژەکانی بەرێتە پێش؟و...؟

# پێناسەی ونی « تاوانی سیاسی» لە نیزامی دادپەروەریی کۆماری ئیسلامی دا

**عەلی بداغی**

سالٚ نیە کە لە ئێران دا دەیان کەس بە تاوانی سیاسی لە سێدارە نەدرێن، هەزاران کەس بە تاوانی سیاسی نەگیرێن و بە تاوانی چالاکیی سیاسی دادگایی نەگیرێن و تووشی زیندانی درێژماوە نەبنەوە. تاوانی هەموو ئەو کەسانە کە لە سۆنگەی کردەوەکانیان تووشی ئەو سزایانە بوون، لە ئایینی سزادانەکان بە تاوانی سیاسی پێناسە دەکرێن، بەڵام بەو حاڵە ئیستاش کە ئیستایە لە یاساکانی دادوەریی کۆماری ئیسلامی دا تاوانی سیاسی، پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش پێناسە نەکراوە.

ئەوەی لەو نێوەدا روونە ئەوەیە کە لە ماوی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوودا دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی هەموو تاوانێکی سیاسیی خستۆتە چوارچێوەی ئەمنییەتی و هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نیشتمانیی وڵات و، بەو بیانووە ئەوەی پێی خۆش بووە بە سەر چالاکانی سیاسیی وڵاتی هێناوە.

لەو نێوەدا ئەوەی جێی سەرنجی تایبەتە ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی لە ئێران دا پێناسە نەکراوە، زۆر جار بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەو پەڕی رووهەڵماڵراوییەوە رادەگەیەنن کە تاقە یەک زیندانیی سیاسی لە ئێران دا بوونی نیە.

ئیستا دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٣٠ لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی رادەگەیەنێ کە ئەگەرچی بارودۆخەکەش زۆر بە گونجاو نازانی، بەڵام ئامادەیە لایحەیەک بۆ پێناسە کردنی تاوانی سیاسی ئامادە بکا و بۆ مەجلیسی بنێرێ.

ئەو قسانەی سادق لاریجانی لە حاڵێک دایە کە دەزگای قەزایی ڕێژیم لە ساڵی ٨٧ ی هەتاویش دا لایحەیەکی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە و تەنانەت بە پەسندی شوواری بەرزی قەزاییشی گەیاندبوو، بەڵام بەر لەوەی ئەو لایحەیە بدرێ بە مەجلیس بە هۆکاری نادیار نەدرایە مەجلیس.

پێشتریش و لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ریفۆرمخوازەکان دا مەجلیسی شەشەم تەرحێکی بۆ دارشتن و پێناسە کردنی تاوانی سیاسی و جیاکردنەوەی لە تاوانی ئاسایی و ئەمنییەتی و شێوەی مامەڵە و سزا قانونییەکانی تاوانی سیاسی گەڵاڵە کردبوو. بەڵام شووڕای نیگابان وێڕای رەت کردنەوەی ئەو تەرحە رایگەیاندبوو کە ئەو تەرحەی مەجلیس لە ١٨ خاڵ دا پێچەوانەی شەرع و قانوونی ئەساسییە و بۆ مەجلیسی ناردبۆوە. ئەو تەرحە دوای چەند جار هاتوچۆ لە نێوان مەجلیس و شووڕای نیگابان دا نێردرایە کۆڕی گشتیی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو تەرح و گەڵاڵەیە ئیدی هیچ لایەکی لێ نەکراوەتەوە.

بەڵام لەو نێوەدا کۆمەڵە پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە دەتوانێ ئەم باسە بە ئاراستەیەکی دیکەدا بکاتەوە. ئەوەی کە تاوانی سیاسی بە چی دەگوترێ، پێناسەی تاوانی سیاسی چ کاریگەرییەک لە سەر ڕەوتی پەروەندە سیاسییەکان دادەنێ و لە ئەساس دا چ جیاوازییەک لە نێوان تاوانبارێکی سیاسی لە گەڵ تاوانبارێکی ئاسایی دایە و ئەو ئیمتیاز و پۆئێن و مافانە چین کە زیندانییەکی سیاسی بە پێی یاسا دەبێ هەیبێ و بۆی لە بەرچاو بگیردرێ؟

تاوانی سیاسی لە روانگە و بۆچوونی جیاوازەوە پێناسەی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکیشی لێ کراوە، بەڵام لە ئاسانترین تێگەیشتن دا تاوانی سیاسی بریتییە لە هەر جۆرە رەفتار و کردەوەیەک کە بە مەبەستی رەخنەگرتن لە سیستمی بەڕیوەبەریی وڵات دژی حاکمییەت دەکرێ و مەبەستی سەرەکیش لەو کردەوە و چالاکییە، بە ناڕەوا نیشاندان و سەلماندنی لەجێدا نەبوونی رەفتار و بڕیار و ڕێوشوێنەکانی دەسەڵات و نیزامی بەڕێوەبەریی وڵات، ئەویش بە مەبەستی گۆڕانە.

ئەو رەفتار و کردەوانەدا لە نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەیان لە میدیا گشتییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێ خستنی خۆپیشاندان و سمینار گرتن دا دەردەکەون و مەبەستی سەرەکیی هەموو ئەو کردارانەش دژایەتی کردنی نیزام و سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتە.

هەر بەو پێیەش جیاوازیی تاوانبارێکی سیاسی لە گەڵ تاوانبارێکی ئاسایی لێرەدا دەردەکەوێ کە تاوانباری سیاسی ئارمانجخوازە و لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگادایە کە بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ناقانوونی تاوانبار کراوە، بەڵام تاوانبارێکی ئاسایی تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکی خۆی دا دەستی بۆ تاوانێک درێژ کردوە. تاوانباری سیاسی بەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی خۆی فیدای کۆمەڵگا و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگاکەی دەکا، بەڵام تاوانباری ئاسایی بە پێچەوانە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگا و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگاکەی فیدای بەرژەوەندیی خۆی دەکا.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆمەڵە ئیمتیاز و مافێکی تایبەت بۆ زیندانییانی سیاسی لە بەرچاو گیراوە.

بۆ وێنە بەر لە هەموو شتێک رێزی تایبەتیان لێ دەگیرێ و، وێڕای پاراستنی کەرامەتیان لە گیراو و تاوانبارە ئاساییەکان جیا دەکرێنەوە و کۆمەڵە مافێکی تایبەت وەک دەست پێڕاگەیشتن بە زانیاری و شوێنی راگیرانی ستانداردیان بۆ دابین دەکرێ.

بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا راست پێچەوانەی ئەوە لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی هەلسوکەوت دەکرێ. تاوانبارانی سیاسی تۆمەتی ئەمنیەتییان دەدرێتە پاڵ و دوای ئەشکەنجە کرانێکی زۆر، لە ژوورە تاکەکەسییەکانیان دەپەستێون و لە ژێر ناوی ریزە ئیدیعایەکی لیڵ و نادیاری وەک، هەوڵدان بۆ رووخاندنی نیزام و دژایەتیکردنی خودا سزای قورسی زیندانی درێژ ماوە و تەنانەت ئێعدامیان بە سەردا دەسەپێندرێ.

لەو وڵاتانەی تاوانی سیاسی پێناسە کراوە، چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەک دا چ جۆرە سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دڵنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەڵات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگایی کردنەکەشیان بە ئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە. بەڵام لە ئێران دا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پێناسە نەکراوە، هیچ روون نیە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێودانگێک هەڵ دەسەنگێندرێ و چ جۆرە سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە. ئەوەش لە جێی خۆی کە هیچ کام لەو دادگایی کردنانەی تاوانبارانی سیاسی بە ئاشکرا بەرێوە ناچن و تەنانەت پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش هەیئەتی مونسیفەیەک نیە کە تەشخیسی کردەوەکەی ئەو وەک تاوان یان کردارێکی قانوونی بکا و ، ئەوە تەنیا دادوەرە کە وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات چۆنی پێ خۆش بێ بە گەز و ربەی خۆی دەیپێوێ و حوکمی خۆی دەدا.

بەڵام دوا سەرنج لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە حاڵیک دا بەم دواییانە باسی لەوە کردوە کە لایحەیەک بۆ پێناسە کردنی تاوانی سیاسی ئامادە دەکا، کە لە بنەڕەت دا ئەو کارە ئەرکی دەزگای قەزایی نیە و ئەوە مەجلیسە کە دەبێ ئەو یاسایانە دابرێژێ و پەسەندیان بکا و چاوەدێری بە سەر جێبەجێ کرانیان دا بکا. بەڵام ئەوەش کە دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ بۆ تا ئیستا مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئەو ئەرکەی خۆی بە جێ نەگەیاندوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتبەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی هەر لە جێدا نایانەوێ کە وەها یاسایەک لە ئایینی دادرەسیی ئێران دا بوونی هەبێ، چونکی ئەوان نایانەوێ کە وا پیشان بدەن کە لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامی دا زیندانیی سیاسی هەیە و ژمارەی ئەو زینانییانەش چەندەن، چونکی لە دنیای ئەوڕۆدا ژمارەی زیندانییانی سیاسیی لە هەر وڵاتێک دا یەکێک لە پێوەر و پیودانگەکانی ئازاد بوون و دێموکراتیک بوون و دادپەروەر بوونی حاکمییەتی ئەو وڵاتەیە.



**لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆمەڵە ئیمتیاز و مافێکی تایبەت بۆ زیندانییانی سیاسی لە بەرچاو گیراوە.**
**بۆ وێنە بەر لە هەموو شتێک رێزی تایبەتیان لێ دەگیرێ و، وێڕای پاراستنی کەرامەتیان لە گیراو و تاوانبارە ئاساییەکان جیا دەکرێنەوە و کۆمەڵە مافێکی تایبەت وەک دەست پێڕاگەیشتن بە زانیاری و شوێنی راگیرانی ستانداردیان بۆ دابین دەکرێ.**
**بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا راست پێچەوانەی ئەوە لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی هەلسوکەوت دەکرێ**

# فەڕانسە وڵاتی ناڕازییەکان

**ڕەحمان سەلیمی**

مانگرتنە گشتی و رێپێوانە جەماوەرییەکانی ئەوساڵی وڵاتی فەڕانسە کە وەک نەریتێکی جێگیر لەو وڵاتەدا بە ئەژمار دێ، سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵ و رای گشتی لە ئاستی هەموو جیهان دا بە شێوەیەکی بەربەرین راکێشاوەو خوێندنەوەو لێکدانەوەی جۆراوجۆرو هەندێک جار دژیەکی بۆ دەکرێ. فەڕانسە وەک وڵاتێکی دێمۆکراتیک کە تێیدا بەهاو نۆرمەکانی دێمۆکراسی لە ئاستێکی بەرزدا سەقامگیر بوون و بە لانکەی دێمۆکراسی جیهان دەژمێردرێ، زیاتر لە گشت وڵاتانی دێمۆکراتیکی تر شاهیدی مانگرتن و رێپێوانی سەرتاسەری و جەماوەرییە. بە شێوەیەک کە لە مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا بزووتنەوەی خوێندکاریی ساڵی ١٩٦٨ کە لە ئەنجام دا خوێندکاران و پاشان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە توانیان ئیرادەی خۆیان بە سەر دەسەڵاتدا بسەپێنن، بە رووداوێکی گرینگ و پڕبایەخ لە سەراسەری جیهاندا سەیری دەکرێ و لە دوو دەیەی رابردووش دا چەندین بزووتنەوەی فراوان و گشتگیری تر لەو وڵاتەدا روویان داوە کە لە زۆربەیان دا هاووڵاتیان توانیویانە ویست و داخوازییەکانیان دەستەبەر بکەن.

**ململانێی لیبرالیزم و سۆسیالیزم**

سیستەمی سەرمایەداری یان لیبرالیزم وەک شێوازێکی رێکخستنی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام بەرەورووی قەیران بۆتەوەو لە ئاکامیشدا لە هەناوی خۆیدا بە سەر قەیرانەکاندا زاڵ بووە، واتە سەرهەڵدانی قەیران و چارەسەرییەکەی لە تایبەتمەندییە سروشتی و خەسڵەتە بەرچاوەکانی ئەو سیستەمە بووەو بە وتەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین لیبرالیزم بەردەوام خۆی بەرهەم هێناوەتەوەو هەر ئەو تایبەتمەندییەشە کە بۆتە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی گەشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری لە مێژووی هاوچەرخدا. سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و پاشان ئابووری لە هەر کام لە وڵاتانی سەر بە بەرەی لیبرالیزم لە ئاکامدا کاریگەری لە سەر وڵاتانی تر داناوە. بە تایبەت لە چەند دەیەی رابردوودا هاتنە گۆڕی دیاردەی گلۆبالیزم و لە ئەنجامدا پێکهاتنی هاوبەندیی ئابووریی وڵاتانی پیشەسازی ئورووپا و ئەمریکا وەک کۆبەندی وڵاتانی گرووپی ٨ و یەکیەتیی ئورووپاو هتد وایکردوە باندۆری قەیرانەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا زۆر خێراتر پەرە بستێنێ و وڵاتانی لیبراڵ و بە گشتی هەموو جیهان بگرێتەوە.

لە سیستەمی لیبراڵ و نیۆلیبراڵ دا کولتوورو سیاسەت و گشت



ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دەکەوێتە خزمەت سەرمایە و سەرمایەدارو بەرژەوەندیی نەتەوەیی رێک بە مانای بەرژەوەندیی چینی سەرمایەدار پێناسە دەکرێت و کرێکاران، کارمەندان و مامۆستایان و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا (جگە لە خاوەن سەرمایەکان) تا ئەو شوێنەی سنووری بەرژەوەندیی سەرمایەداری نەبەزێنن شیاوی سەرنج و پێڕاگەیشتنن. هەر ئەو خەسڵەتەشە وایکردوە کە روخساری سەرمایەداری، نادادپەروەر بنوێنێ و پێویستی ریفۆرم لەو سیستەمەدا زەق بێتەوەو هەندێک لە خەسڵەتە دادپەروەرانەکانی سۆسیالیزمی ئاوێتە بێ.

لە بەرامبەر ئەو سەرمایەدارییە هەوسارپچڕاوە دایە کە بزووتنەوەی چەپی نوێ لە زۆربەی وڵاتانی سەرمایەداری و رۆژئاواییەکان دا نوێنەرایەتی بەشێک لەو کۆمەڵگایانە بکات و ململانێی ئەو دوو روانگەیە لەو وڵاتانەدا بە شێوازی جۆراوجۆر دەرکەوێ.

لە مانگرتنە گشتی و رێپێوانە جەماوەرییەکانی ئەو جارەی فەراسەش دا رۆڵی سەندیکا کرێکارییەکان و رێکخراوە چەپەکان بەرچاوو سەرەکی بوو. خەڵکی چینی نێونج و خوارەوەی کۆمەڵگای فەڕانسە کە دژی زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی بۆ دوو ساڵ هاتوونەتە سەر شەقام، لە سەر ئەو بڕوایەن کە دەوڵەت بەو سیاسەتەی دەیەوێت ئابووری داتەپیوی ئەو وڵاتە و قەیرانی کورتهێنانی بودجەی وڵات و سندووقی خانەنشینی لە سەر

←

# حکوومەتە ئیسلامییەکان لە هەمووشتێ خۆش بن لە حیجابی ژنان خۆش نابن!

**کوێستان فتوحی**

هەموو دنیا شاهیدە کە حیجاب لە ئێراندا زۆرە ملییە بەڵام کە چاو لە شێوەی پۆشینی حیجابی ژنانی ئێران دەکرێ، ئەو بەهایە بەدی ناکرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٣١ ساڵە نرخی بۆداوە. لە ئێران لە دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامی ئەوندەی تەبلیغ بۆ حیجاب کراوە و حەساسیەت بەرامبەر بە حیجاب هەیە لە لایەن دەسەڵاتەوە، بۆ هیچ قانوون و ڕێوشوێنێک ئەوندە تەبلیغ نەکراوە. لە نێو ئەو هەموو کێشەو و دیاردە و مەسەلە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵیان بەرەو روویە هیچیان بە قەد حیجابی ژنان، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان نەهێناوەتە ژێر پرسیارەوە و کێشە و گرفتی بۆ ئەم ڕێژیمە دروست نەکردوە. هەر ساڵە گەڵاڵەو بەرنامەیەکی تازە، لە لایەن کاربەدەستانەوە بە دژی «بەد حیجابی» دادەڕێژرێ، گەڵاڵەی بە ناو «خەبات دژی بەدحیجابی» ساڵانە هێزێکی زۆری هێزە ئینتیزامییەکانی بەخۆیەوە خەریک کردوە و ڕۆژانە کار و پیشەیان بۆتە گەڕان بە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا بۆ ئاگادارکردنەوە و گرتن و هەڕەشەو بێحورمەتی بە ژنانی بە ناو «بەد حیجاب». کۆماری ئیسلامیی ئێران وا دەنوێنێ کە ئەو ژنانە کەمن و تەنانەت زۆر جار وەک ژنانێکی بێئەخلاق ناویان دەبا و وادەنوێنێ کە کۆمەڵگە دەبێ لەم «بێ ئەخلاقانە« پاک بکاتەوە. بەڵام ئەگەر ڕۆژانە بە هەر شەقام و کۆڵانێک لە شارەکانی ئێراندا چاو بگێردرێ بە دەیان و سەدان ژن دەبینرێن کە نەک ملیان بۆ هەڕەشەو فشار و تۆمەتی ئەم هێزە سەرکوتکەرانە ڕانەکێشاوە، بەڵکوو


ژنانی ئێران

بە ئاشکراو بە روونی هەست پێدەکرێ کە ژنان لە دژی حیجابی زۆرەملی خەریکی خەباتێکی بەردەوام و بێ پسانەوەن. ئەمە لە ڕەفتار و شێوەی جلوبەرگ پۆشین و شێوەی سەرپۆش بەسەردادانیاندا بە روونی دەبینرێ. تەنانەت ئەو ژنانەی کە زۆر سوننەتی و پابەندن بە ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان لە ریزی ئەو ژنانەدان کە ئەم ڕێژیمەیان بە شێوەی بەسەردانانی حیجابەکەیان وەزاڵە هێناوە. ڕێژەی ئەو ژنانەی کە دەسەڵاتدارانی کۆنەخواز بە «ژنانی بەد حیجاب» یان زۆر جار بە بێ ئەخلاق ناویان دەبەن ئەوندە زۆرن کە فەزای کۆمەڵگەی ئێرانیان داپۆشیوەو ڕێژیمییش نە بە هەڕەشە و جەریمە و زیندان دەتوانێ واداریان بکا کە مل بەم فەرمانی دەسەڵات بدەن، نە دەشتوانێ وەک توێژێک لەبەرچاویان نەگرێ.

لە ئێران پێش لەو شۆڕشەی کە ئاخوندەکان دەسکەوتەکانیان بۆخۆیان پاوان کرد، ژنانێک بوون پابەند بوون بە بیروبۆچوونە مەزهەبییەکانیان، نوێژ و ڕۆژوویان دەگرت، چارشێو و رووسەرییان بەسەردادەدا، بەڵام بۆ رازی بوونی خۆیان و خودای خۆیان بوو. پێش دەست پێکردنی شۆڕش یاریی بە حیجابی ژنان وردەوردە دەستی پێکرد و حیجاب کەوتە نێو یارییە سیاسییەکەوە. هەر کە شۆڕش هەنگاوەکانی بۆ پێشەوە دەچوو، یارییەکەش بە دەستی حیزب و دەستەو تاقمە ئیسلامگەراکانەوە گەرمتر دەبوو و ئاڵاکەشی حیجابە ڕەشەکەی ژنان بوو. بە بڕوای زۆر لە چاوەدێران و لێکۆڵەرانی سیاسی لە ئێران حیجابی ژنان بوو، مزگێنی سەرکەوتنی ئیسلامگەراکانی ئێرانیان بە گویی دنیا دا دا. کە بەداخەوە لە سەرەتاوە خودی ژنانیش کەوتنە ئەو داوەوە و ئەم سەرکەوتنەیان بۆ خومەینی تۆمار کرد و نەیاندەزانی ئەم ئاڵا ڕەشە بەرەو چ چارەنووسێکی تاریکیان دەبا

**بەڵام حیجاب لە تورکیەی سیکۆلار:**

بلێی مێژووی بەر لە ٣١ ساڵی ئێران لە تورکیە دووبارە بێتەوە؟! چ یارییەکی ناخۆش دەبینین. یارییەک کە تێیدا ژنان نایبەنەوە. ئەگەر ژنانی تورکیە ئەو بەڵایەی سیاسەتبازە ئیسلامییەکانی ئێران بە سەر ژنانی ئەو وڵاتەیان هێناوە لەبەرچاوی نەگرن، بە دڵنیاییەوە ئەم ئەزموونە تاڵە لەوێش دووبارە دەبێتەوە. دەبینین ئێستا تورکیە زۆر بە خێرایی بەرەو دەسەڵاتی مەزهەبی دەڕوا. دوای ریفراندۆمی ئیسلاحی قانوونی بنەڕەتی تورکیە کە لە ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٠ بەڕێوە چوو و هێز و نفووزی ئیسلامگەراکانی تورکیە بە سەروکایەتی ڕەجەب تەییب زیاتر چەسپا و هەر دوای ئەو ریفراندۆمەش بوو کە قانوونی نەهێشتنی حیجاب لە دانشگاکانی تورکیە هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا. قانوونێک کە لە ساڵی ١٩٩٧ی زایینی لە لایەن دەوڵەتی سیکۆلاری ئەوکاتی تورکیەوە دانرابوو کە کچانی خوێندکار لە زانکۆ دەوڵەتییەکاندا ئیجازەیان پێنادرێ حیجابی ئیسلامی بپۆشن.

حیزبی دەسەڵاتداری تورکیە «عەداڵەت و پەرەپێدان» لە تورکیەی سیکۆلار چەندین ساڵ بوو لە هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەو قانوونە دابوو و سەرکەوتوو نەدەبوو، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین بە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە تورکیە یەکەم هەنگاویان بۆ چاکسازیی قانوون، مەسەلەی حیجابی ژنان دێننە گۆڕێ. هەرچەند خاوەن ڕایانی مەسەلەکانی تورکیە لەسەر ئەو بڕوایە نین کە حکوومەتێکی مەزهەبی باڵ بەسەر کۆمەڵگەی تورکیەدا بکێشێ، بەڵام سیکۆلارەکانی تورکیە لەو مەسەلە نیگەرانن و وەبیر کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەی دێننەوە کە حیجابی ئیسلامی لە شوێنە پەروەردەیی و فێرکردنەکاندا جۆرێکە لە «تەبلیغی مەزهەبی» مەسەلەی حیجاب لە تورکیە چەندین ساڵە چارەسەر بووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیە ئەمرۆ بۆ مەبەستی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگرن کە ئەوە دەبێ پێشی پێ بگیرێ. بەڵام کێ پێشی پێبگرێ؟ ئایا ژنانی تورکیە لەم یارییەدا لە دوا ڕۆژدا چی بە نسیبیان دەبێ؟!


ژنان لە تورکیەی ئەمڕۆ

درێژەی:

# فەڕانسە وڵاتی ناڕازییەکان

حیسابی خەڵکی کەم داهات و کرێکاران و مامۆستایان چارەسەر بکا. سەندیکا کرێکارییەکان و پارت و ڕێکخراوە چەپەکان پێیان وایە کە دەوڵەت دەبێ ئەو کورتهێنانە دارایییە بە زیادکردنی ماڵیات لە سەر سەرمایە دابین بکاو بەم شێوەیە پێش بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بگرێ و بە سەر قەیرانەکان دا زاڵ بێ. لە لایەکی ترەوە دەوڵەتی دەستە ڕاستی و لایەنگرانی سیستەمی لیبرالیزم پشتیوانی لە زیاد کردنی تەمەنی خانەنشینی دەکەن و لە سەر ئەو بڕوایەن کە زیاد کردنی ماڵیات بە سەر سەرمایەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرمایەدار، سەرمایەکەی لە وڵات بەرێتە دەر و بەو شێوەیە قەیرانێکی تر سەر هەڵدەدا، کە هەڵاتنی سەرمایە لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی بە هۆی سیاسەتەکانی سۆسیال دێمۆکراتەکان بە نموونە دێننەوە بۆ بەهێز کردنی پێگەی سیاسەتەکانیان.

کە واتە شەپۆلەکانی سیستەمی سۆسیالیزم ٢٠ ساڵ پاش رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت وەک نوێنگەی بەرەی سۆسیالیزم کاریگەریی خۆی لە سەر کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان داناوەو خوێندنەوەی نوێ لە چەپ لایەنگران و نوێنەرانی خۆی لە دڵی بەرەی لیبرالیزم داناوە.

**گرینگیی بزووتنەوەی جەماوەریی فەڕانسە**

بە ئاوڕدانەوەیەک لە خۆپێشاندانەکانی ئەو دواییانەی فەڕانسەدا هەندێک خاڵی گرینگ و سەرنج ڕاکێش خۆ دەنوێنن کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

١ـ دێمۆکراسی پێویستی بە مرۆڤی وشیارو بزۆز و هەستیار بە نیسبەت ڕووداوەکانی دەوروبەری هەیە، لە کۆمەڵگایەک دێمۆکراسی سەقامگیر دەبێ کە تاکەکانی بەو کولتوورە ڕاهاتبن و کاردانەوەیان لە ئاست گشت ئاڵوگۆڕە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان دا هەبێ، لەو حاڵەتە دایە کە دەسەڵات، ڕای گشتی وەک چاوەدێرێکی وشیار سەیر دەکا کە ناتوانێ لە بەرامبەری دا هەست بە بەرپرسایەتی نەکاو بۆ پاراستنی پێگەی خۆی ناچارە داخوازییەکانی خەڵک لە هەموو پلان و بەرنامەکانی دا ڕەچاو بکا. زیادکردنی تەمەنی خانە نشینی بۆ ماوەی ٢ ساڵ تا ئەو ڕادەیە هاووڵاتیانی وشیاری فەڕانسەوی دەجووڵێنێت کە ئامادەیان دەکا بۆ ڕژانە سەر شەقامەکان.

٢ـ ڕۆڵی سەندیکا کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی تری بەشدار لەو حەرەکەتەدا لە ڕێکخستنی خەڵک و شێلگیر بوون و هاودەنگ و هاوهەڵوێست بوونیان شیاوی سەرنج بوو بە شێوەیەک کە هاوکات لە دەیان شاری فەڕانسە بە میلیۆنان خەڵک بە یەک دروشم و داواکارییەوە و بۆ یەک مەبەست دەرژانە سەر شەقامەکان.

٣ـ لەو خۆپێشاندانانەدا مافی نارازیان لە ئاستێکی بەرزدا پارێزراو بوو، نوێنەرانی نارازیان دەیانتوانی تەنانەت لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی سەر بە دەسەڵات دا لە پێناو هاندانی خەڵک بۆ بەردەوامبوون لە مانگرتن و ڕێپێوانەکان دا کەڵک وەرگرن. هێزە ئەمنییەتییەکانی فەڕانسە ئەرکی پاراستنی خۆپێشاندەران و موڵک و دارایی گشتی و هاووڵاتیانیان لە سەر شان بوو و تەنیا ئەو کاتانە دەکەوتنە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ خۆپێشاندەران کە گرووپێکی تێکدەر هەوڵی تێکدانی ئەمنییەتی گشتی و سووتاندنی دارایی هاووڵاتیانیان دەدا. دەسبەسەرکراوان ڕەوانەی دەزگای دادوەری دەکران و بێ لایەنانە مامەڵەیان لە گەڵ دەکراو لە گشت مافە یاساییەکانیان بەهرەمەند بوون.

**لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە**

لە ماوەی مانگرتن و ڕێپێوانەکانی فەڕانسەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی تەنیا ئەو بەشە لە ڕێپێوانەکانیان زەق دەکردەوە کە ژمارەیەک تێکدەر هەوڵی ئاژاوەگێڕی و شێواندنی دۆخەکەیان دەداو پۆلیس لە گەڵیان بەرەوروو دەبوونەوە. کاربەدەستانی ڕێژیم بەردەوام هەوڵیان دەدا نیشان بدەن کە ئەوە تەنیا لە ئێران دا نییە کە هێزە ئەمنییەتییەکان هەڵدەکوتنە سەر خەڵکی نارازی و دەسبەسەریان دەکەن بەڵکو لە ئورووپای پێشکەوتووو لە فەڕانسەی لانکەی دێمۆکراسیش دا ئەو دیاردانە باون. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دەدا جیاوازیی نێوان ڕاپەڕینەکەی پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران و ئەو ڕێپێوانانەی فەڕانسە بسڕنەوەو بەردەوام لە ڕاگەیەنەکانیان دا هەوڵی پێکگرتن و وێکچواندیان دەدا. ئەوە لە کاتێک دا بوو کە لە ڕێپێوانە چەند میلیۆنەکانی فەڕانسەدا نە کەس کوژرا یان دەسدرێژی کرایە سەر و نە هیچ ڕێبەرێکی فەڕانسەوی توانی نارازیان بە میکرۆبی سیاسی و کۆمەڵایەتی و «خس و خاشاک» ناو بەرێ.

لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی ڕێژیم ڕایانگەیاند لە ئێران دا کێشەیەک بە ناوی کورتهێنانی دارایی لە سندووقی خانەنشینی دا نییە و تەنانەت دەوڵەت بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕێژەی بێکاری تەمەنی خانە نشینی بۆ ماوەی ٥ ساڵ کەم کردۆتەوەو بەم شێوەیە زیاتر لە یەک میلیۆن دەرفەتی کاری نوێ ڕەخساوەو پێکهاتەی جەوانی حەشیمەتی ئێران کێشەی سندووقی خانەنشینی لە کۆڵ دەوڵەت کردۆتەوە. ئەوە لە کاتێک دایە کە بە پێی ئامارەکان و بە ڕای چاودێرانی سیاسی، پێکهاتەی حەشیمەتی ئێران بە خێراییەکی زۆر لە حاڵەتی گۆڕان دایە و نێونجی تەمەنی حەشیمەتی ئێران لە حاڵی بەرزبوونەوە دایە هەر بۆیە درەنگ یا زوو کۆماری ئیسلامی ناچار بە گرتنە بەری سیاسەتی گۆڕانکاری لە یاسای خانەنشینی دەبێ.

## پوستێرێک لە دانشگای تاران: سووکایەتییەکی دیکە بە ژنانی ئێران

بە دەست پێکردنی ساڵی تازەی خوێندن لە ئێران، لە دانشگای تاران پۆستێرێکی گەورە بە وێنەی کورسییەکی سێ لاقەوە هەڵواسرابوو و لێی نووسرابوو: ژنی بێ حیجاب: وەک




کورسیی سێ لاق وایە «زن بدون حجاب: همچون صندلی ای است کە با ٣ پایە». دیارە ئەمە یەکەم جار نیە کە لە شوێنە گشتییەکان دا لەم جۆرە دروشم و پۆستێرە گاڵتەجارانە و پڕ لە سووکایەتییانە لە لایەن مەئموورە گوێ لەمستەکانی دەسەڵاتدارە کۆنەپەرەستەکان هەڵدەواسرێن و بەم شێوەیە سووکایەتی بە کەسایەتی ژنان دەکرێ. ئەمە هەر لە سیستم و ئایدۆلۆژیای داماوی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوەشێتەوە. ئەوان لە قسە و لێدوانە ڕەسمییەکانیشیاندا هەر بە سووکایەتی لە سەر کەسایەتیی ژن دەدوێن

ئەوەتا ئیمام جومعەی شاری مەشهەد هەر لەم ڕۆژانەدا لە خۆتپەی نوێژی هەینی داگوتی ژنی بێ حیجاب سەرچاوەی هەموو گیر و گرفتێکە لە کۆمەڵگەدا و دەبێ هێزە ئینتیزامییەکان بە توندی بەرخوردیان پێ بکەن.

# دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ گەشە بکا ؟

مستەفا شڵماشی

**بەشی یەکەم**

بە شێوەیەکی زانستی و گشتی دیپلۆماسی بە هونەر و پڕاکتیکی بەڕێوەبردنی وتووێژەکانی نێوان نوێنەرانی گرووپەکان یا وڵاتەکان دەگوترێ. نوکی ڕمبی چالاکییە دیپلۆماتییەکان بەرەو پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە و ئامانجی هەر دیپلۆماسییەکی تایبەتیش بردنە پێشی پرۆژەیەکی تایبەتییە. ئەگەر ئەو پرۆژەیە ڕووکاری نەتەوەیی، ئابووری، بازرگانی یا سیاسیی هەبێ لە پڕاکتیک و هونەری کارەکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ.

بۆ هەر دیپلۆماسییەک پێویستە وگرنگ ئەوەیە کە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی تێدا کۆ بووبێتەوە: یەکەم، خاوەنی پرۆژەی ستراتیژیکی خۆی بێ و دووەم، ئامرازەکانی بەکار بردنی هونەری دیپلۆماسیی لە دەست دابێ.

لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە کە ئەو دوو خاڵە گرنکە چۆن بەدەست دێن، ڕەوش و مێتۆدی باو بۆ ئامادە کردنی زەمینە و بەدەستهێنانی ئەو دوو خاڵانە و هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکان بە ڕێگای دیپلۆماسی دا لەلایەن وەڵاتانی دنیا و هێزە کاریگەرەکانەوە چۆن بووە. بۆ ئەو مەبەستەش ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە مێژووی دیپلۆماسی بە پێویست دەزانم. هەروەها ئاوڕێک لە دیپلۆماسیی سەر کەوتووی نەتەوە بەشخوراوەکان دەدەمەوە. ئەو دیپلۆماسییانەی کە توانیویانە مەبەستی خۆیان بە شێوەیەکی باش بە گوێی جیهانیان بگەیەنن و ئەنجامی باش بۆ ئامانجی ستراتیژیی خۆیان بەدەست بێنن. پاشان لە بەر ڕووناکیی ئەوڕاستییانەدا ئاوڕ لەو بوارە دەدەمەوە کە ئایا کورد لە دیپلۆماسیی خۆیدا تا ئێستا چی بۆ ئەوخاڵە گرنگانە کردووە، دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و پێداویستییەکانی دیپلۆماسیی کوردی لە سەردەمی ئەوڕۆدا چین.

یەکەم شوێنکارەکانی دیپلۆماسیی مۆدێرن لە دەوڵەتانی باکووری ئیتالیا دەرکەوت. ئەوەش لە سەدەی ١٦ دا بوو کە میلان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی دەگێڕا لە دانانی بناغەی دیپلۆماسیی مۆدێرندا. لەوکاتەدا دیپلۆماسی ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە دیاری کردنی سنووری دەسەڵاتەکانی پاپ (ڕێبەری مەسیحییەکان) و کایزەر (ئیمپڕاتۆری سەردەم) دا. دیارە ئەو دەورە گرنگەی ئیتالیا لە باری پراکتیکییەوە گوێزرایەوە بۆ باقیی وڵاتانی ئوروپایی. بەتایبەتی وڵاتانی وەک ئیسپانیا و ئیتالیا بەشی باشیان لەو ئاڵوگۆڕەی مەیدانی دیپلۆماسی دا بەر کەوت.

هەر لەو کاتەشەوە بوو کە گرنگییەکی زۆر درا بە مەسەلەی ناردنی نوێنەر لەلایەن وڵاتانەوە بۆ وڵاتانی دیکە و دواتر ئەو مەسەلەیە بوو بە دامەزرانی سەفارەتی هە ر وەڵاتێک لە ولاتەکەی دیکەدا. لەو کاتەوە هەڵسوکەوتی نێوان دەوڵەتان و هێزە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییە سیاسی، بازرگانی، ئەمنییەتی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لە پێشدا لە نێوان دیپلۆماتە لێهاتووەکانی وڵاتاندا ڕێک دەخران و پاشان دەبوونە سیاسەتی نێودەوڵەتی یا نێو نەتەوەیی هەر وڵاتێک.

هەر لە سەرەتای کاری دیپلۆماسییەوە لەنێوان وڵاتاندا گرینگییەکی تایبەتی دراوە بە دڵسۆزی بۆ ئامانج و لێوەشاوەیی لەو کارەدا. لە دیپلۆماسیی مۆدێرن دا کە بە دانانی سەفیر لە سەدەی سێزدەوە دەست پێ دەکا سەرنجێکی تایبەت دەدرێ بە پێکانی ئامانج و بەدەست هێنانی دەسکەوتەکان. میلان یەکەم دەسەڵات بوو کە نوێنەرێکی خۆی نارد بۆ فەڕانسە لە ساڵی ١٤٥٥ دا. بەڵام ڕەتی کردەوە کە نوێنەری فەڕانسە بچێ بۆ ئەوێ چونکە ترسی ئەوەی هەبوو فەڕانسە لە وێ کاروباری جاسووسی لەژێر پەردەی کاری دیپلۆماسیدا ئەنجام بدا. لەو سەردەمەدا میلان ترسێکی زۆری لە دەستێوەردانی فەڕانسە و ئیسپانیا هەبوو. هەرچەندە زۆری نەخایاند کە زۆربەی وەڵاتانی ئورووپایی گرنگی و پێویستیی کاری دیپلۆماسییان بۆ دەرکەوت و لەنێوان زۆربەیاندا سەفیر دەبوو نیشان بدا کە وڵاتەکەی بە فەرهەنگ، ئاشتیخواز، میواندار و دڵفرەوانە و دەتوانێ ڕۆڵێکی باش لە پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی دا یاری بکا.

لەو سەردەمەدا پلە و تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماتەکان



**بۆ هەر دیپلۆماسییەک پێویستە وگرنگ ئەوەیە کە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی تێدا کۆ بووبێتەوە: یەکەم، خاوەنی پرۆژەی ستراتیژیکی خۆی بێ و دووەم، ئامرازەکانی بەکار بردنی هونەری دیپلۆماسیی لە دەست دابێ**

سەفیر گۆڕدرانەوە. ئیسپانیا یەکەم وەڵات بوو کە سەفیرێکی دایمیی نارد بۆ وڵاتی فەڕانسە لە ساڵی ١٤٨٧ دا.

لەو قۆناغەدا پرنسیپ و ڕێوشوێنەکانی کاری دیپلۆماسی و تکنیک و زانستی ئەو کارە بەرە بەرە پەرەیان گرت و ڕێکارەکان پێش کەوتن. تایبەتمەندییەکانی نوێنەران دیاری کران و بەتایبەت گرنگیی زۆر درا بە نەخش و پێناسەکانی سەفیر. نوێنەری هەر وڵاتێک بە ڕووکاری ئەو وڵاتە دانرا و دەبوو ڕووەو دنیای دەرەوە تیشکێکی ئەرێنی لە وڵاتەکەی بڵاو بکاتەوە. نوێنەر یا بەپێی نوێنەرایەتییەکەیان دەگۆڕان. نوێنەرایەتیی هەر دەوڵەتێک و هەر گرووپێکی ئاینی پلە و پایە و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. بۆوێنە نوێنەرانی وڵاتانی کاتۆلیک، وڵاتانی پرۆتستان، وڵاتە پاشایەتییەکان، وڵاتانی موستەعمەرە ....هتد کە هەر کامیان ڕێزی تایبەت بە خۆی لێ دەگیرا. تەنانەت لەنێوان یەک جۆر نوێنەرایەتیشدا بەپێی گەورەیی و بچووکی، دەوڵەمەندی و هەژاری و بەهێزی و لاوازی جیاوازی دادەنرا لە ڕێزلێنان دا. خوێندەواری و بەتایبەت بوونی دیپلۆمی بەرز لە ڕاددەی زانستگادا گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرا. هەربۆیەش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان لەو ڕاددەیەدا لە زانستگاکانی ئورووپا خوێندن لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان و زمانە مۆدێرنەکاندا زۆر پەرەی گرت. هەر لەو کاتەڕا دیپلۆماسیی مۆدێرن بوو بە کارێکی پسپۆڕی و لە دەست پلە و پایەی دینی، ئێلیتی، ئیدەئۆلۆژی و سیاسی هاتە دەر.

بەو مانایەی کە هەرچەند نوێنەر دەبوو دڵسۆز بۆ ئەو تەیفە یا نەتەوەیە بێ کە نوێنەرایەتیی دەکا، بەڵام پێویستە پسپۆڕیش بێ. هەر لەو کاتەش دا ئۆرگانێکی دیکە بە ئۆرگانەکانی دەوڵەت یا دەسەڵات لە هەر وڵاتێک زیاد بوو. بڵاو کردنەوەی سەفیر بە وەڵاتان دا و دانانی سەفارەت و کارمەند لە وڵاتانی جۆربەجۆری دنیا، پێویستیی بەوە هەبوو کە لە نێوخۆی وڵاتیش ڕا ئیدارە بکرێن و کارەکەیان لە ژێر چاوەدێری دابێ. هەربۆیە پێویست بەوە بوو کە وەزارەتخانەی تایبەت بە خۆی هەبێ. واتە وەزارەتی کاروباری دەرەوە پەیدا بوو. لە سەرەتادا کاری ئەو وەزارەتخانانە زۆر ڕوون نەبوو؛ لە هەر وەڵاتەی بە جۆرێک ڕێک خرابوو و ئەرکی جیاواز و جۆراوجۆریان بەڕێوە دەبرد. بۆوێنە لە بەریتانیای گەورە وەزارەتی دەرەوە دوو بەش بوو کە زۆرجار کارەکانیان تێکەڵ دەبوو، تا ساڵی ١٧٨٢ کە ڕیفۆڕمیان تێدا کرد. دیارە لەو سەردەمەدا لە باری پێرسۆنێلەوە هێندەش بەر بڵاو نەبوون. فەڕانسە کە ئەودەم گەورەترین وەزارەتی دەرەوەی هەبوو، تا ساڵی ١٧٨٠ ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی بۆ ئەو وەزارەتخانەیە کاریان دەکرد لە ٧٠ کەس تێنەدەپەڕین.

لە ئاخرەکانی سەدەی ١٨ دا کاری دیپلۆماسی پەرەی گرت و باڵی هاویشت بۆ وەڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و ڕوسیە. هەر لە دوای ئەوە ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بە سەر پلە و پایەی دیپلۆماتەکان دا هات. ئەویش بەهۆی شۆڕشی فەڕانسەوە بوو. نوێنەر لە پلە و پایە چینایەتییەکانی داماڵرا. یەکسانی زۆرتر درا بە پلەکان و هەتا دەهات جیاوازی دانان لە نێوان دیپلۆماتەکان دا کەمتر دەبۆوە.

ئاڵوگۆڕیکی دیکەش هاتە نێو کاری دیپلۆماتییە وە، ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی جیهانییەوە بوو. بەشی سەربازی نەخشی گرنگی گێڕا لە دیاری کردنی دیپلۆماتەکان دا و لە سەردەمی شەڕی جیهانی دا مەسونییەتی دیپلۆماسی نەما و لە زۆر جێگادا تەنانەت دیپلۆماتەکان گیران و خرانە زیندانەوە. ناپلیۆن یەکەم ڕێبەر بوو کە ئەو مە سونییەتەی هەڵگرت و چەند دیپلۆماتێکی بەریتانیی گرت بە تاوانی هەوڵدان لەدژی دەوڵەتی فەڕانسە.

دوای تێکشکانی ناپلیۆن و بە تایبەت پاش کۆنگرەی نێونەتەوەیی وییەن لە ساڵی ١٨١٥ دا هەوڵ درا سیستمێکی نێونەتەوەیی بۆ ئەو مەسەلەیە دابنرێ و بە یەک چاو سەیری هەموو نوێنەرایەتییەکان بکرێ لە دنیادا. بەڵام لە ڕاستی دا ئەو یەکسانی دروستکردنە بە هاسانی جێبەجێ نەبوو و نیزیکەی سەدەیەکی پێ چوو تا سیستمی پێ درا. بۆیە تەنیا دوای شەڕی جیهانیی دووەم بوو کە دنیا توانی تا ڕاددەیەک سیستم بە کاری نوێنەرایەتی بدا و پلە و پایەی نوێنەرایەتییەکان لەبەر ڕووناکیی ڕێککەوتن و ستانداردە نێونەتەوەییەکاندا بپارێزرێن و بە چاوێک سەیری هەموویان بکرێ.

دیارە لە دەورانی پێش شەڕی جیهانی دووەم دا لە ئاسیاش سیستمی نوێنەرایەتی و کاری دیپلۆماسی هەبووە. چەند دەوڵەتێکی گەورەی وەک چین، دەوڵەتی عوسمانی، دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میسر گرنگیی تایبەتیان پێ داوە. لەو سیستمانەدا کاری دیپلۆماسی سپێردراوە بە کوڕە خاوەن دەسەڵاتەکان و نەجیبزادەکان. پێوانەی سەربەخۆیی لەو کاتەدا زۆرتر دەسەڵات و زانایی لە کاری دیپلۆماسی دا بووە. هەر بۆیەش ئەوانەی کە بەو کارەوە خەریک بوون پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەبووە.

ئەوەی تا ئێستا باس کرا شێمایەکی کورت و سەرپێیی بوو لە چۆنیەتیی پێکهاتن و گەشە کردنی کاری پەیوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان. لە بەشەکانی داهاتوودا دێینە سەر هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی کاری دیپلۆماسی و شیکردنەوەی ئامانج و ستراتیژیی ئەو چالاکییە نێونەتەوەیی‌یە. پاشان هەوڵ دەدەین لە سەر بناغەی ئەو پێناسانە چاوێک بە هەڵسوڕان و چالاکی کوردەکان لە و بوارە دا بخشێنین و بەو تەرازووەی لە جیهاندا باوە ئەو چالاکییانە بپێوین. تا بزانین تا ئێستا چ کراوە، کەموکوڕی لە کوێ دایە و ڕێگاچارەی ئەو کەموکوڕیانە چییە.

# پەیامی سیاسی و ئاکامی حقووقیی بەزاندنی حەریمی دیپلۆماتیکی ئەمریکا لە تاران

ئاسۆ

پاش ئەوەی لە ١٣ ی خەزەڵوەری ١٣٥٧ دا، «خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام» سەفارەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تارانیان داگیر کرد و پێرسۆنێلی دیپلۆماسی و کۆنسوولگەریی ئەو وڵاتەیان بە بارمتە گرت، حکوومەتی ئەمریکا لەلای دیوانی نێونەتەوەییی عەدل شکایەتی لە دەسەڵاتی تازەی ئێران تۆمار کرد هەتا لەم ڕێگەیەوە کۆماری ئیسلامی ناچار بە ئازاد کردنی بێ قەید و شەرتی بارمتەکان و دەستەبەر کردنی مسونییەت بەتایبەتی لەبواری جینایی‌دا بۆ وان و ڕێگەدانیان بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان بکرێ. ئەمریکا لەو کەیسەدا هەروەها داوای شوێنکەوتنی قەزایی و سزادانی بەرپرسیارانی ئەو دەستدرێژییە و قەرەبوو کردنەوەی زیانە ماددی و مەعنەوییەکانی پێوەندیداری دەکرد.

پەیامە سیاسییەکانی ئەو دەستدرێژییە و ئاکامە حقووقییەکانی لەلای دادگای لاهە تەعبیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جۆر تێگەیشتن لە حوکمڕانیی نێوخۆیی و پێوەندیی نێودەوڵەتی دەکەن. لەو کاتەدا چ خودی دەستدرێژییەکە و چ هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە ئاست دادگای لاهە بە مانای هاتنە کایەی جۆرێکی پێشتر نەدیتراو لە



بەلارێدابردنی حکومەتی و یاغیگەریی نێونەتەوەیی بوون.

ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی بڕیاری دادگای لاهە لەو پێوەندی‌یەدا کە بە کەیسی «پێرسۆنێلی دیپلۆماتیک و کۆنسوولیی ئەمریکا لە تاران» ناسراوە، تێدەپەڕێ. گرینگیی ئەو بڕیارە لەوەدایە کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا جەوهەر و نیازەکانی کۆماری ئیسلامی و دژایەتیی ماهییەت و فەلسەفەی وجوودیی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ڕێوشوێنە نێونەتەوەیی‌یەکانی بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و یەکلاکەرەوە لە بەڵگەنامەیەکی موعتەبەری نێونەتەوەیی‌دا تۆمار کرد. کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە تا ئێستا هەر بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتووە کە لە قەیرانی بارمتەکان‌دا گرتیە بەر :

**بەهێند نەگرتنی مێکانیزمە نێونەتەوەیی‌یەکانی چارەسەری ناکۆکی**

پرۆتۆکۆلە ئیختیاری‌یەکانی کۆنڤانسیۆنی ١٩٦١ لەسەر پێوەندی‌یە دیپلۆماتیکەکان و کۆنڤانسیۆنی ١٩٦٣ لەسەر پێوەندی‌یە کۆنسوولگەری‌یەکان کە سەڵاحییەتی چاوەدێریی جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامانە بە دیوانی نێونەتەوەیی عەدل دەسپێرن هەردووکیان ساڵەها پێشتر لەلایەن ئێرانیش و ئەمریکاشەوە ئیمزا کرابوون. لەلایەکی دیکەوە ئێران و ئەمریکا ساڵی ١٩٥٥ پەیمانێکی دۆستایەتی و هاریکاری لەبواری بازرگانی و کۆنسوولگەرییان پێکەوە ئیمزا کردبوو کە ئەویش بنەمایەکی دیکەی سەڵاحییەتی

ل ١٠

# پرۆسەی «بەعەرەب کردن» لە فۆرمێکی نوێدا

سیروان مووساپوور

ماوەیەکە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان، بینەر و بیسەری گەلێک هەواڵی تایبەت بە بەڕێوەچوونی فۆرمێکی تر لە پرۆسەی بەعەرەبکردن لە ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان دەبین. ئەو ناوچانە کە بە «ناوچە کێشەلەسەرەکان»، «ناوچە دابڕاوەکان»، «ناوچە دابڕێنراوەکان» و تەنانەت هێندێک جار بە «ناوچە داگیرکراوەکان» ناویان بەرگوێ دەکەوێ، ئەو ناوچانەن کە لە ڕووی مێژوویی و بە پێی ماددەی ١٤٠ و زۆر فاکتەری تر بەشێک لە جوگرافیای باشووری کوردستانن بەڵام بە درێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ و لە سەردەمە جیاجیاکاندا و بە شێوازی جۆراوجۆر، لە لایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بەسەر عێراقدا تووشی پرۆسەی بەعەرەبکردن و پۆلیتیکی پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە. ئامانجی ئەم حکوومەتانە لە پاکتاوی ڕەگەزی و گۆڕینی دێموگرافیای ئەم ناوچانە دابڕاندنی ئەم ناوچە بە پیت و بەرەکەتە بە کەرکوکیشەوە لە کوردستان بۆ هەرچی زیاتر بچووک کردنەوەی جوگرافیای کوردستان و لکاندنیان بە ناوچە عەرەب نشینەکانی عێراقەوە بووە.

پاکتاوی ڕەگەزی ئەگەرچی چەمکێکی نوێیە لە ئەدەبیاتی سیاسی میللەتاندا، بەڵام وەک کردار چەندین سەدەیە بە ئامانجی پاککردنەوەی کەمینە یان نەتەوەیەکی نەویستراو کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هۆکاری پاکتاوی ڕەگەزی دەکرێ ئایینی، ڕەگەزی، ئایدۆلۆژی، سیاسی و ستراتیژی یان هەندێ لەو فاکتەرانە بەیەکەوە بێت. ئەمڕۆکە لە ئاستی جیهانیدا زیاتر لە هۆکاری ڕەگەزی و نەتەوەیی بۆ پاکتاوکردن کەڵک وەردەگیرێ کە بریتییە لە پاککردنەوەی ناوچەیەکی دیاریکراو لە ڕەگەزێکی نەویستراو لە لایەن ڕەگەزێک یان نەتەوەیەکی باڵادەست و زاڵ کە ئامانج تێیدا مسۆگەرکردنی ناوچەیەکی دیاریکراو و کۆمەڵگایەکی یەکڕەنگە.

پرۆسەی «بەعەرەبکردن» وەک چەشنێک پاکتاوی ڕەگەزی، بریتییە لە پاکتاوکردنی ناوچەیەک لە ڕەگەزێکی نەویستراو و هێنان و جێنشینکردنی عەرەب لە شوێنیان، یان گۆڕینی کەلتوور و ناسنامەی نەتەوایەتی ڕەگەزێکی نەویستراو بۆ عەرەبی و تواندنەوەی لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا لە ناوچەیەکی دیاریکراو بێ ئەوەی پێویست بە ڕاگواستن بکات. ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە دەکرێ بە شێوازی جۆاوجۆر بەڕێوە بچێ وەک: ١) پاکسازی و قرکردنی کەمینەیەک لە ناوچەیەکی دیاریکراو و جێنشینکردنی عەرەب لە شوێنیان.٢) ڕاگواستن و دەرکردنی خەڵکی سەر بە ڕەگەزێکی نەویستراو بۆ ناوچەیەکی یەکڕەنگی عەرەبی و پاشان تواندنەوەیان لە بۆتەی کۆمەڵگای نەتەوەی عەرەب یان دەرپەڕاندنیان بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی عەرەب و پاشان هێنانی عەرەب بۆ شوێنی ئەوان. ٣) هێنانی عەرەب و گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتی ڕەگەزی ناعەرەب بە واتایەکی دیکە هێنانی عەرەب بۆ شوێنی نەتەوەی ژێردەست و لە هەمان کاتدا گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی، کلتوور، زمان، داب و نەریت، ناوی کەس، ناوی شوێن و ناوچەکان و .. بێ ئەوەی پێویستی بە ڕاگواستن یا لەناوبردنی کەمینەی ژێردەست هەبێ.

دەربارەی مێژووی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکانی خوارووی باشووری کوردستان ڕوانگە و بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە کە دەتوانین ئاماژە بە هێندێکیان بکەین: ئـ) ئەم بۆچوونە هێنانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان لە کوردستاندا بۆ سەردەمی مەمالیکی عوسمانی(١٧٥٠- ١٨٣١) دەگەڕێنێتەوە کە ژمارەیەک خێزانی سەر بە خێڵەکانی «تەی» و «جبور» لە ناوچەکانی «قەراج» و «گەیارە» نیشتەجێ کران. پاشان لە سەردەمی مەدحەت پاشای والی عوسمانی لە بەغدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا گەلێک لە هۆزە کۆچەرە عەرەبەکان ( شەمەر، عەنزە، دلێم، کعب، ڕەبیعە، جبور، ئەبولحەمدان و تەی) لە ناوچە کوردنشینەکانی خوارووی باشووری کوردستان بە درێژایی سنووری خوارووی کوردستان (لە خانەقین و مەندەلییەوە هەتا مووسڵ و دەوروبەری) هەوڵی نیشتەجێکردنیان درا.

ب) دەسپێکردنی بەعەرەبکردن لەگەڵ لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە: دوای دروستکردنی ستاتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ و لکاندنی باشووری کوردستان بە فەرمی لە ساڵی ١٩٢٥ ناوچەی کەرکووک و مووسڵ و هەروەها ناوچە کوردنشینەکانی دەوڵەمەند بە چاڵە نەوت لە هەرێمی کوردستان جیا کرانەوە و هەوڵی بەعەرەبکردنیان وردە وردە دەستی پێکرد. بە پێی ئەم بۆچوونە هەڵکەندنی ژمارەیەکی زۆر چاڵی نەوت و هێنانی ژمارەیەکی زۆر کرێکاری عەرەب و نیشتەجێکردنیان لەم ناوچە کوردستانییانەدا بە مەبەستی گۆڕینی پێکهاتەی ڕەگەزیی ناوچەکان، بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەعەرەبکردن دادەنرێن. پ) ئەم بۆچوونە پێی وایە کە بەعەرەبکردن لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەم و دواتر لە لایەن دەسەڵاتی عەرەبی بەغداوە دەستی پێکردووە.

ئەوەی کە لێرەدا گرینگە باسی لێ بکرێ ئەوەیە کە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە لە هەر جۆرێک و لە هەرقۆناخێکدا بەڕێوە چووبێ واتە چ ڕاستەوخۆ و خوێناوی و لەڕێگای کوشتنی بە کۆمەڵ و سوتاندن و کاولکاری و ڕاگواستنەوە بووبێ کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی بەعسدا بە تایبەتی کەڵکی لێ وەردەگیرا و چ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و بەهێمنی و لە ژێر گوشاری تردا جێبەجێ بکرێ وەک ئەوەی ئێستا کەڵکی لێ وەردەگیرێ، ئەنجامەکەی ڕەشکردنەوە یا تواندنەوەی نەتەوەی ناعەرەب و نەویستراوە.

ئەگەر پرۆسەی بەعەرەبکردن لە ژێر سایەی شوومی حاکمییەتی بەعسدا بە شێوەیەکی توندوتیژ و بە ئاشکرا بەڕێوە دەچوو، ئەمڕۆ ئەم پرۆسەیە بە شێوازێکی نەرم و لە فۆرمێکی نوێدا لە ژێر سایەی حکوومەتێکی هەڵگریگە لێک دروشمی قەبەی وەک فیدراڵی، دیموکراتییەت، پێکەوەژیانی ئاشتییانە و .. بەڕێوەدەچێ. داخستنی قوتابخانە کوردییەکان، کڕینی زەوی و زاری کوردەکان، گوشار خستنە سەر خێزانە کوردەکان بۆ جێهێشتنی ماڵ و ملکیان و تەنانەت تیرۆریست ناردنە سەریان لە درەنگانی شەوداو زۆر گوشاری تر لە ناوچەکانی وەک جلەولا، قەرەتەپە، جەبارە، مەندەلی و تەنانەت شاری کەرکووکیش دەکرێ ناوی چی تری لەسەر دابنرێ بێجگە لە بەڕێوەچوونی تەعریبێکی شاراوە بەڵام مەترسیدار.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدامەوە هەتا ئێستا نزیکەی ٦٠٠ خێزانی کورد ناچار بوون جەلەولا و دەوروبەری بەجێبێڵن و ڕوو بکەنە سلێمانی و هەولێر بەڵام لە بەرامبەردا هەر وەک دوکتۆر کەماڵ کەرکووکی، سەرۆکی پارلمانی کوردستان ئاماژەی پێداوە، لە دوای ڕووخانی ڕێژیمەوە٨٥٢٠ خێزانی عەرەب هێنراونەتە کەرکووک و دەڵێ: (پلانێک لەئارا دایە بۆ تێکدانی باڵانسی دێموگرافیی شارەکە.)

بەردەوامیی پرۆسەی بەعەرەبکردن لە فۆرمی نوێدا دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەگەرچی دیکتاتۆر بە شێوەی فیزیکی و جەستەیی لە باڵاترین ئاستی دەسەڵات و سیستمی پێشوو وەک سیستمی دەسەڵاتدار لەسەر کار نەماون، بەڵام هەنووکەش کلتوور و عەقڵییەتی سەردەمی حوکمدارێتی بەعس لە کار و کردەوەی بەشێکی بەرچاو لە دەسەڵاتدارانی ئیمڕۆی بەشدار لە ساحەی سیاسی عێراقدا خۆی دەنوێنێ.

ئەگەر زێدەڕۆیی نەکرابێ دەتوانین بڵێین لابردنی خانەی نەتەوە بە پێی بڕیارێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە فۆرمی سەرژمێری گشتیی دانیشتووان کە وا بڕیارە ٢٠١٠/١٢/٥ بەڕێوە بچێ، هەوڵێکی دیکەی هێندێک لایەنی شۆڤێنیییە بۆ شاردنەوەی ڕێژەی ڕاستەقینەی کورد لە عێراق و گرفت سازکردن بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان، کە نارەزایەتییەکی زۆری هەم لە ئاستی بەرپرسە باڵاکانی حکوومەتی هەرێم و هەم لە ئاستی جەماوەر و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لێ کەوتۆتەوە. دوکتۆر مەحموود عوسمان لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی «دەنگەکانی عێراق» ڕایگەیاند کە بڕیاری وەزارەتی پلاندانانی عێراق بە لابردنی خانەی نەتەوە لە فۆرمی سەرژمێری گشتیی دانیشتووان جێگای سەرسوڕمانە و لە لایەن کوردەوە بە توندی ڕەت دەکرێتەوە.

ئەمرۆکە وەک ئەوەی کە شارەزایانی سیاسی دەڵێن تێکڕای نیگاکان بەرەو هەرێمی کوردستانە و هەولێر خاڵی یەکلاکردنەوەی ململانێیەکان و مەکۆی کۆکردنەوەی لایەنە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی عێراقە بۆ دۆزینەوەی ڕیگاچارەیەکی گونجاو و ئاشتییانە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی گشتگیر و بنکەفراوان، کە ئەوە بێگومان لە لایەک پێشاندەری نیازپاکیی سەرکردایەتی سیاسیی کوردە بۆ چا ر ە سە ر کر د نی کێشەکان و پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە کە بێ گومان سەرکردە عەرەبەکانی عێراق باش لێی ئاگادارن و لە لایەک دەرخەری پێگە و سەنگی کوردە لە کایەی سیاسی عێراقدا کە لە باری ستراتیژی لە ئاستی عێراق و ناوچە و نێونەتەوەییشدا بایەخێکی زۆری هەیە.



ئەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازە ئەوە دەخوازێ کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لەم بەشە لە کوردستان هەر وەک چۆن تا ئێستا لە سەر زۆر پرسی گرینگی دیکەی پێوەندیدار بە کورد و کوردستانەوە هەڵوێستی شیاو و شایانی ڕێزیان پێشان داوە، هەنووکەش بە هەڵوەستەیەکی زیاتر هەڵسووکەوتێکی جیددی تر و لێبڕاوانەتر لە خۆیان نیشان بدەن و لە سیاسەتی نەرمی نواندنی خۆیان و پیلانی کات بەفیرۆدانی بەرامبەر، باشتر ئاگادار بن و لەگەڵ بوونی فرەدەنگی لە کوردستان و بیروڕای جیاواز لەسەر مەسەلە نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان، یەک دەنگی و یەک ڕەنگی خۆیان لە بەغدا بپارێزن کە بێشک سەرکەوتوویی کورد لە یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی گشت لایەن و قەوارە سیاسییەکانی کوردستان لە وەها هەلو مەرجێک دایە.

سەرچاوە: پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوک و...، شاخەوان شۆڕش

## شێواندنی ئەمنییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن وڵاتانی دراوسێیەوە

وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان هەوڵی شێواندنی هێمنی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەدەن.

بەهۆیئەوپێشکەوتنەئابوریوسیاسیانەی کە هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودابەخۆیەوە بینیوە، ماوەیەکە هەوڵەکان بۆ تێکدانی ئەم هێمنیە لەلایەن دوژمنانەوە لە ئارادایە، بەرپرسانی هەرێمیش رایانگەیاندووە کە نابێ لەو پیلانانەی دۆژمنان بۆمانی دادەنێن بێ ئاگابین.

بە پێ ئەوزانیاریانەی رێنسانس نیوز بڵاویکردۆتەوە، چەندین هەوڵ وپیلانی جۆراوجۆر لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئێرانەوە لەئارادان بۆ لەباربردنی دۆخی ئێستای هەرێم ولاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسی



وئابورییەکانی ناوچەکەدا. هەر لەم پێوەندییەدا، دەزگائەمنییەکانی هەرێمی کوردستانیش لەچەند راگەیاندراوێکدا سەبارەت بە تێکدانی دۆخی ئاسایشی هەرێمەکە لە لایەن نەیارانی ئەم ئەزموونەوە، هاووڵاتیانی کوردستانیان وریا کردەوەو ئاماژەیان بەبوونی «هەرەشەیجیددی» بۆ تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە کرد.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو هەوڵە تێکدەرانانەی دژ بە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، عەبدوڵڵامام عەلی ئەندامی لیژنەی ناوخۆی ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پارلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ رێنێسانس نیوز رایگەیاند کە «دوژمنان هەرکاتێک بۆیان بلوێ هەوڵی تێکدانی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان دەدەن ومەبەستیانە گرفت وکێشەی جۆراوجۆر لەبەردەم حکوومەتی هەرێم دا دروستبکەن وزانیاریشمان هەیە کە لە سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، خەڵکانی گومان لێکراو نیشتەجێ دەکەن وپشتیوانییان لێ دەکەن».

ناوبراولە درێژەدا باسی لەوە کردوە کە، وێرای ئەوەی کە پێی وابوو «ئاسایش وحکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویانە تارادەیەکی زۆر بەربەستی ئەومەترسیانە بکەن کە هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە دەکەن»، ڕوونیشی کردەوەکە «نابێ لەو پیلانانەی دوژمنان بێ ئاگا بین کەبۆمان دادەنرێ، چونکە ئەوکاتەی ئەوان ماچمان دەکەن هەر ئەوکات ژەهردەکەنە قورگمانەوە».

ناوبراوگوتیشی: «ئەو وڵاتانە دیارن کێن هەرەشە لەتێکدانی ئاسایشی هەرێم دەکەن،بەلام بەهۆی هەستکردن بەلێپرسراوێتی و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی کوردستان و کومەڵێک ئیعتباراتی سیاسی، ناوی هیچ وڵاتێک لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ناهێنرێ».

شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامی لە ریگەی هاندانی هێزە توندڕەوەکان و هەروەها بڵاوکردنەوەی تۆوی بونیادگەرایی ئیسلامی، لەهەوڵی دژایەتیکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دایەو ماوەیەک لەوەپێشیش بەئاشکرا دژبەم ئەزموونەو سەرکردایەتییەکەی بەرنامەیەکی تایبەتیان لە کاناڵی خەبەری خۆیاندا بلاوکردەوە.

# مافی مرۆڤ، ئامرازە یان ئامانج؟

**حەسەن شێخانی**

سیستمی نێو نەتەوەیی، سیستمێکی ئانارشیکە. بە پێچەوانەی سیستمی نێوخۆیی وڵاتان، کە لەواندا یاساو ڕێساکان سەروەرن و کاروبارەکان بە پێی یاساو لۆژیک بەڕێوە دەبرێن، لە بواری نێونەتەوەیی دا نە یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو، بەڵکوو ئەوە هێزە کە ڕۆڵێکی دیاریکەری هەیە و ئەم هێزەش لە پێناو پەرژەوەندیی ئەکتەرەکانی نێونەتەوەیی دا بەکار دەبرێ. بە دەربڕینێکی دیکە لە بواری نێونەتەوەیی دا چەشنێک یاسای دارستان حاکمە کە تێیدا بێ هێزەکان دەبێ خۆیان لەگەڵ بەهێزەکان بگونجێنن و لە زۆر بواردا هێژمونی بەهێزەکان قبووڵ بکەن.

لە پەیمانی وێستفالیای ١٦٤٨وە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە شێوەیەکی پاوانکراو سیاسەتی دەوەرەی دەوڵەتان دیاری و ڕێنوێنی دەکاو دەوڵەتان ئامادەن لە پێناو ئەم ئامانجەدا لە هەر ئامرازێک کەڵک وەربگرن. مێژووی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە دەوڵەتان و بەتایبەت زلهێزەکان لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیاندا لە هیچ جینایەت و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نەپرینگاونەوەو لە بەهاکانی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ تەنیا وەک سەرپۆش و ئامرازێک بۆ دابین کردنی بەرژەوەندییەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە.

لە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و هاتنە ئارای چەمکی بە جیهانیبوونیشەوە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە شێوەیەکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دیاری دەکا. وڵاتانی دیموکراتیک لە ئاستی نێوخۆیی دا مافی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرن و بە شێوەیەکی گشتی بە گوێرەی پێوانە دیموکراتیکەکان لەگەڵ شارۆمەندانی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن بەڵام لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ چاو دەنووقێنن و تەنیا کاتێک چەمکی مافەکانی مرۆڤ دێنە ئاراوە کە لە خزمەت پەرژەوەندیی نەتەوەییان دا بێ. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم بابەتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک نموونە کەڵک وەردەگرین و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەم دەوڵەتە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا تاوتوێ دەکەین.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەمریکا پرۆسەی دەستێوەردانێکی بەربڵاوی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا گرتە بەر. لەو سەردەمەدا کە دنیا بە دوو جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەش ببوو، ئەمریکا نەتەنیا لە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی هاوپەیمانی دا چاوپۆشی دەکرد بەڵکوو لە سەرکوتی بزاڤە ئازادیخوازەکانیش دا یارمەتی وڵاتانی جێی ئاماژەی دەدا. چاوپۆشی کردن لە بن پێ کردنی مافەکانی نەتەوەی بن دەستی کورد لە باکووری کوردستان و یارمەتیدانی دەوڵەتی تورک لە سەرکوتی بزاڤی ئازادیخوازی کورد تەنیا نموونەیەکە لە دەیان نموونەی لەم چەشنە.

لە دوای کۆتایی هاتنی سیستمی دوو جەمسەری و تەنانەت لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتامبریش کە ئەمریکا بانگەشەی ئەوەی دەکرد لەمەوبەدوا گرینگی بە دیموکراسیی نێوخۆیی وڵاتانی هاوپەیمانی دەدا، هیچ باسێک لە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی دیموکراسی لە وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانی دا ناکا بەڵکوو لە مافی مرۆڤ تەنیا وەک چەکێک لە دژی وڵاتانێک کە ملکەچی ناکەن، کەڵک وەردەگرێ.

بڵاو بوونەوەی دەیان هەزار بەڵگەی پێوەندیدار بە شەڕی عێراق لەلایەن ویکی لیکسەوە بە باشی دەری خست کە چۆن سەربازەکانی ئەمریکا خەڵکی مەدەنی و بێ تاوانیان کوشتووەو لە ئەشکەنجە کردن و تەنانەت دەست درێژی کردنە سەر گیراوانی عێراقی دا دەستیان هەبووە یان سەربازانی عێراقی لە بەرچاوی ئەوان گیراوانیان ئەشکەنجە کردووەو تەنانەت دەست درێژی جنسیشییان کردوونە سەر، بێ ئەوەی لەلایەن سەربازەکانی ئەمریکاوە ڕووبەڕووی هیچ دژکردەوەو نارەزایەتییەک ببنەوە! هەر ماوەیەک لەمەوبەر بوو کە ئەم هەواڵە بڵاو بۆوە کە ئەمریکاییەکان لە خەڵکی گواتمالا وەک مشکی تاقیگەیی لە پێناو تاقیکارییە پزشکییەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە و ئەمەش یەک دنیا ئاسەواری خراپی جەستەیی و دەروونی لەسەر ئەم خەڵکە بەجێهێشتووە و لە خانەی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتی دا جێدەگرێ.

عەرەبستانی سعوودی، دەوڵەتێکی ئۆتۆکراتیکە و مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکا و یاساکانی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەری ئیسلام لە وێنەی دەست بڕین و بەردباران کردنی ژن بەڕێوەدەبا کەچی ئەمریکا نقەی لێوە نایەت و هەر باسیشیان ناکا! چونکە ئەم وڵاتە هاوپەیمانی ئەمریکایە و لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا دەجووڵێتەوەو ملکەچی فەرمانەکانی ئەمریکایە. ئەمە لە کاتێکدایە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی نەیاری دا زەق دەکاتەوەو وەک چەکێک لە دژیان بەکار دێنێ.

ئەمریکا تا ئەو جێیەی بتوانێ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و جینایەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین پاساو دەداو لە دەرچوونی هەرچەشنە بڕیارنامەیەک لە دژی ئیسرائیل لە ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا بەرگیری دەکا!

ئەمریکا لە هەموو جێیەکی ئەم جیهانە پان و بەرینە، لە نزیکترین وڵات و ناوچەوە تا دوورترینیان بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستێوەردان دەکا. وڵاتانی نزیک لە خۆی لە باری جوغرافییەوە وەک «حیات خلوت»ی خۆی لە قەڵەم دەدا کە هیچ دەوڵەتێک بۆی نیە دەستێوەردانیان تێدا بکا و هەر ساڵەی دەیان میلیارد دۆلار لە پێناو ملکەچ ڕاگرتنی هاوپەیمانانی دا سەرف دەکا. ئەمە لە حاڵێکدایە هەرچەشنە دەستێوەردانی دەوڵەتانی دیکە لە وڵاتانی هاوسنووریشیان دا وەک ئاژاوەگێڕی لە قەڵەم دەداو بە توندی لە دژیان ڕادەوەستێ و شەپۆلێکی گەورەی تەبلیغاتی لە دژیان وەڕێدەخا. لێرەدا مەبەست دیفاع کردن لە دەستێوەردانی هیچ دەوڵەتێک لە وڵاتانی دیکە دا نییە، بەڵکوو مەبەست دەرخستنی دوو فاقییەتی هەڵسووکەوتی ئەمریکا و کەڵک وەرگرتنی ئامرازیی ئەم وڵاتەیە لە چەمکی مافەکانی مرۆڤ.

دەتوانرێ دەیان نموونەی دیکەش لەو چەشنە ڕیز بکرێن، بەڵام ئەو نموونانەی ئاماژەمان پێکردن بەسن بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە بسەلمێنن کە ڕاستە ئەمریکا دەوڵەتێکی دیموکراتیکە و لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیدا تا ڕادەیەکی زۆر پێوانەکانی مافی مرۆڤ لەبەر چاو دەگرێ، بەڵام لە ئاستی نێو نەتەوەییدا بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی چوار ڕەهەندی خۆی و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی دا، مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکا و لە هیچ گرتنە پێشی هیچ ڕێکارێکی نارەواش سڵ ناکاتەوەو لە بانگەشەی دیموکراسیخوازی و مرۆڤ دۆستی بە شێوەیەکی سەرەکی وەک ئامرازێک کەڵک وەردەگرێ.

مەبەست ئەوە نییە بگوترێ تەنیا دەوڵەتی ئەمریکایە کە بەم شێوەیە دەجووڵێتەوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە بگوترێ بانگەشەی پەرەپێدانی دیموکراسی و دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر بانگەشەیەکی بێ بنەماو دوور لە ڕاستییە.

> **وڵاتانی دیموکراتیک لە ئاستی نێوخۆیی دا مافی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرن و بە شێوەیەکی گشتی بە گوێرەی پێوانە دیموکراتیکەکان لەگەڵ شارۆمەندانی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن بەڵام لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ چاو دەنووقێنن و تەنیا کاتێک چەمکی مافەکانی مرۆڤ دێنە ئاراوە کە لە خزمەت پەرژەوەندیی نەتەوەییان دا بێ**

---

**درێژەی:**

# پەیامی سیاسی و ئاکامی حقووقیی بەزاندنی حەریمی دیپلۆماتیکی ئەمریکا لە تاران

دادگای لاهە بوو. کەچی کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر حازر نەبوو لەپێش دادگا ئامادە بێ و لە هیچکام لە ڕێوشوێنەکانی دادگادا بەشداریی نەکرد. تەنیا شتێک کە لەو پێوەندییەدا لەبەر دەستی قازییەکانی لاهەدا بوو، دوو نامەی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بوو کە لەواندا سەڵاحییەتی دادگا ڕەت کرابۆوە. ئەوەش لە حاڵێکدا بوو کە بەپێی ئەساسنامەی دادگا، کۆماری ئیسلامی نەک هەر هەموو دەرەتانەکانی داکۆکی کردن لە خۆی لەو کەیسەدا پێ بەخشرابوو، بەڵکوو دەیتوانی بە نۆرەی خۆی و لە هەمان کەیسدا شکایەتیش لە ئەمریکا بکاتەوە.

### نەهێشتنی مۆنۆپۆلی توندوتیژیی (نا)مەشرووع

بەهۆی ئەوە کە هێرش بۆ سەر سەفارەتی ئەمریکا لە ڕواڵەتدا لەلایەن گرووپێک خەڵک و نەک لەلایەن ئۆرگانە حکوومەتییەکانەوە ئەنجام درابوو، هەروەها بە هۆی ئەوە کە لە کاتی ڕوودانی دەستدرێژی بۆ سەر حەریمی دیپلۆماتیکی ئەمریکادا حکوومەتی تازەی ئێران هێشتا بە تەواوی شکڵ و شێوەی نەگرتبوو، دیوانی نێونەتەوەیی ئەو پرسیارەی هێنایەگۆڕێ کە ئایا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو کردەوەیە بەرپرسیارە؟ بۆ ئەو مەبەستە، دادگا لە دوو قۆناغدا خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکان کرد. سەبارەت بە دەموساتەکانی هێرشەکە تا ماوەیەکیش پاش داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکا، دادگا ڕایگەیاند کە ئەگەرچی ناکرێ کۆماری ئیسلامی وەک حکومەت بە ڕێکخەر و بەڕێوەبەری ئەو هێرشە دابنرێ، بەڵام بە هۆی ئەوە کە دەیتوانی پێش لە ئەنجامدرانی دەستدرێژییەکە بگرێ یان کۆتایی پێ بێنێ و هیچی نەکردبوو، ئەو ڕێژیمە ئەرک و ئیجباراتی خۆی لەبواری پاراستن و ڕێزگرتن لە نوێنەرایەتیی ئەمریکا و بنکە دیپلۆماتی و کۆنسوولییەکانی ئەو وڵاتە پێشێل کردووە. لە قۆناغی دووهەمدا واتە دوای ئەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی بەڕەسمی پشتیوانیی خۆی لە بارمتەگرەکان ڕاگەیاند، کارەکەیانی تەئید کرد و سەفارەتی ئەمریکای بە لانەی جاسووسی ناوزەد کرد، مەسەلەکە بە چەشنێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات کە کردەوەکان بوونە کردەوەی خوودی ڕێژیم و داگیرکەرانی سەفارەت و بارمتەگران لە ڕاستیدا وەک ئۆرگانێکی حکوومەتی هەڵسوکەوتیان کرد.

یەکێک لە مێتۆدەکانی کاری کۆماری ئیسلامی کە لەو کەیسەدا بەباشی خۆی دەرخست و بەرپرسیارێتیی قورسی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە هەردوو قۆناغی باسکراو بەدوای خۆیدا هێنا بەکارهێنانی عەناسوری غەیرە دەوڵەتی و نارەسمی (هێزی نیزامی و مەیلەو نیزامیی بە ڕواڵەت خەڵکی) بۆ جێبەجێ کردنی توندوتیژیییە. ئەگەر ماکس ڤێبێر دەوڵەت بە خاوەنی «مۆنۆپۆلی توندوتیژیی مەشرووع» ناو دەبا، بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، حقووق و کۆمەڵناسیی سیاسی لەگەڵ قەوارەیەکی نوێ ئاشنا دەبن کە لەودا دەوڵەت هەر لەو کاتەدا کە پەنا بۆ توندوتیژیی نامەشرووع دەبا، بەهۆی ئیدیعا جەهانشموول و خەڵک هەڵخەڵەتێنەکانییەوە و بەمەبەستی سەرخستنی سیاسەتی ئاژاوە و سەرکوت، مۆنۆپۆلی توندوتیژییش بە قازانجی ئەو عەناسورە غەیرە دەوڵەتییە کە لە پێناوی ئامانجە دزێوەکانیدا هەنگاو هەڵدێننەوە لەنێو دەبا.

### بەکاربردنی شێوازی نارەوای ململانێی نێودەوڵەتی

دادگای لاهە ئەو پێشێلکارییە کەموێنەیەی دەسەڵاتی تازەی ئێرانی بە بێڕێزی بە کۆڵەکەی کۆشکی سەدان ساڵەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتان کە لە ڕوانگەی دادگاوە بریتییە لە پاراستنی جێگە و پێگەی دیپلۆماتەکان لەلای یەکتر لە قەڵەم دا. لەو نامانەدا کە وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ سەرۆکی دادگای لاهەی ناردبوون، هەروەها لەو هەڵمەتە تەبلیغاتییەدا کە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانی ئەو کردەوەیە ئەنجامیان دا، ئەوان باسیان لە ڕابردوویەک لە کرداری جینایەتکارانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێران‌دا دەکرد.

دادگای لاهە لەوپێوەندی‌یەدا ڕایگەیاند کە ئەگەر تەنانەت وای دابنێین کە ئەمریکا لە ئێران سیاسەتێکی نارەوای بەڕێوە بردووە، ئەوە ڕێگە بە ئێران نادا کە بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ نوێنەرایەتیی وڵاتێکی دیکە لەوێ بکا. لە ڕوانگەی دادگاوە، قانوونی دیپلۆماتیک بۆخۆی هەڵگری کۆمەڵێک میکانیزمی وەک پچڕاندنی پێوەندی‌یەکان یان نەخوازراو ڕاگەیاندنی دیپلۆماتێک و زۆر شتی دیکەیە کە دەوڵەتی خانەخوێ دەتوانێ لەو حاڵەتانەدا کە پێی وایە دەوڵەتی میوان کردەوەی نامەشرووع لەسەر خاکی دەوڵەتی خانەخوێ بە ئەنجام دەگەیەنێ بەکاریان بێنێ. لە ڕوانگەی دادگاوە تەنانەت ئەو ئۆپەراسیۆنەش کە مانگێک پێش دەرچوونی بڕیاری دادگا لەلایەن ئەمریکا لەسەر خاکی ئێران بۆ ڕزگار کردنی بارمتەکان ئەنجام درابوو نەدەبوو ئەنجام بدرێ مادام کە میکانیزمی دیکەی چارەسەری کێشەکە لە ئارادا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا دیوانی نێونەتەوەییی عەدل پێی وا بوو کە ئەو ئۆپەراسیۆنە هیچ شتێک لە بەرپرسیارێتیی زۆر قورسی کۆماری ئیسلامی لەو کەیسەدا کەم ناکاتەوە.

> **چ هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە ئاست دادگای لاهە بە مانای هاتنە کایەی جۆرێکی پێشتر نەدیتراو لە بەلاڕێدابردنی حکومەتی و یاغیگەریی نێونەتەوەیی بوون**

# ئەو ژنە کوردەی بۆ یەکەم جار گۆرانیی لە میدیای کوردی دا گوت

ئازاد عەباسیان

سەبری گوڵفرۆش یەکێک لەو گۆرانیە بە ناوبانگانەی مۆسیقای کوردی بوو کە بە دەنگی ژنە هونەرمەندی کورد فەتانەی وەلیدی بڵاوبوەو بوو بە چەپکە گوڵێک لە نێو مۆسیقای کوردی دا و هەتاکوو ئێستاش لە دڵی عاشقانی مۆسیقای کوردی دا ماوەتەوە.

لە سەردەمێک دا لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری دا دڵی شێری دەویست کە ژنێک بتوانێ ببێتە گۆرانی بێژو دەنگی لە نێو خەڵک دا بڵاو ببێتەوە.

دڵی دەویست کە ژنە کوردێک بتوانێ بە دەنگی بە سۆزی خۆی و تێکەڵ بە دەنگی دەف و نەی و تار و باربت بێتە سەر ڕاگەیەندراوێکی کوردی و گۆرانی بچڕێ.

فەتانەی وەلیدی ئەو ژنە بوو کە لە سەردەمی پیاوسالاری لە کۆمەڵگادا توانیی بێتە مەیدانی هونەری گۆرانی داو ئەو ڕەچەیە بشکێنێ و بیسەلمێنێ کە ژنی کوردیش دەتوانێ شان بە شانی پیاوانی کورد بێتە مەیدان و خزمەت بە هونەری گەلەکەی بکا.

فەتانە خانمی وەلیدی یەکێک لەو ژنە کوردانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە توانی لەو سەردەمەدا بوێرانە ئەو ترسە لە ناو بباو ببێتە نموونەی زۆر لە ژنانی هونەرمەندی کورد.

فەتانەی وەلیدی تا پێش هاتنە سەرکاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەنگە بە سۆزەکەی خۆی توانیی ببێتە یەکێک لە بە ناو بانگترین ژنە گۆرانی بێژەکانی کورد.

بەڵام بەداخەوە بە هاتنی ئەو ڕژیمە کۆنەپەرستە فەتانە ئیدی نەیتوانی درێژە بە هونەرەکەی بداو لەوە زیاتر دەنگی پر هەستی خۆی بە گوێی عاشقانی مۆسیقای کوردی بگەیێنێ.

دەتوانین بڵێین کە بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئاوێکی سارد بە بڵێسەی پڕ تین و سووری مۆسیقای کوردی بە تایبەت بە دەنگی ژنان دا کرا.

ئەوەبوو بە گرییەک لە سەر دڵی ئەو ژنە هونەرمەندە کە نەیتوانی لەوە زیاتر خزمەتی مۆسیقای کوردی بکا و سۆزی دەنگی بگەیەنێ بە گەلەکەی.

نەک هەر ڕێ لە گورانی وتنی گیرا تەنانەت هەڕەشەی لێکرا و دەرمان خواردووش کرا کە ئاوا تووشی ئەو نەخۆشییە بێڕەحمە بوو.

فەتانە وای لێهات کە ئیتر نەیتوانی گۆرانی بڵێ، بەڵام خەڵک هەردەم گوێبیستی گۆرانیەکانی دەبوون و هەن. گۆرانیەکانی لە لایەن زۆربەی هونەرمەندانەوە ئێستاکەش هەر دەگوترێتەوە و شانازیی پێوە دەکرێ.

نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان دا گۆرانیەکانی فەتانەی وەلیدی بۆتە سەرچاوە بۆ زۆربەی سترانبێژانی کورد.

هەروەک کە ئاماژەی پێکرا، فەتانەی وەلیدی بە گۆرانی سەبری گوڵ فرۆش هاتە نێو دونیای مۆسیقای کوردیەوە و ناوبانگی دەرکرد. ئەم گۆرانیە ناسک و پڕ لە سۆزە بوو کە بۆ یەکەم جار بە دەنگی ژنە کوردێک لە مێدیایەکی کوردی دا بڵاو بووەوە ( بە هاوکاری مامۆستای مۆسیقای کوردی عەباسی کەمەندی).

فەتانەی وەلیدی تا ئەو کاتەی کە توشی نەخۆشی بوو یا باشترە بڵێین تووشیان کرد، توانی ٦٠ گۆرانی ڕەسەنی کوردی پێشکەش بە باخچەی مۆسیقای کوردی بکا.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چاوی بە پشکووتنی ژنانی هونەرمەندی کورد هەڵنەدەهات کە ئاوای بە سەر فەتانە هێناکە ئێستاش ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی جەستەو دەروون دەڕوات. فەتانە ئێستا لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدایەو هیوای لەش ساغی بۆ بە ئاوات دەخوازین.

ناوی ژمارەیەک لە گۆرانیەکانی:

لای لای دڵم لای لەباغی سینە
ئارام بنیشە شادی ببینە
شیرین تەشی دەڕێسێ
یاری نازارم
بەهارە گوڵ بەهارە



---

خەزەڵوەر

# یادی «وەفا»ی شاعیر

وریا ڕەحمانی

وەکی لەبیرم مابێ بەهاری ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی بوو کە بۆ یەکەمین جار بۆمەبەستی نان خواردن ڕێم کەوتە ڕێستوورانەکەی مامۆستا عومەر سوڵتانی «وەفا»ی شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیری کورد و ناسیم. هەر لە سەرەتای چوونە نێو دووکانەکەی بەڕێزیانەوە ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە سەرنجی بە لای خۆیەوە ڕاکێشام پەیکەرەیەکی ڕازاوەی پڕ لە هەستی مامۆستا «حەسەن زیرەک» و کۆمەڵێکی بەرچاوی تابلۆی شێعری کوردی و فارسی بە پێز بوو کە بە خەتێکی نەستەعلیقی لێهاتووانەی جوان بە دیوارەوە تەماشای سەرکێشی هەر بینەرێکی خاوەن هەستی لە چاوتروکانێکدا لە خۆیدا دەستەمۆ دەکرد. دەتوانم بڵێم کە لە ڕاستیدا هەموو شێعرەکان یەکی لە یەکتر جوانتر بوون، بەڵام ئەوەی زیاتر منی بەلای خۆیەوە ڕاکێشا دێرە شێعرێکی مەحوی بوو کە هەر بە جارێک تێکی دام. «شوکر وشیارە مەحوی تێدەگا دنیا خەراباتە ** کە بەدمەستی بکات ئەهلی خراپەی بۆچی لێ دەگرم»

هەر ئەوەبوو بە هۆی ئەوەی کە خۆمی پێ نزیک کەمەوە و بچمە خزمەتی بەڕێزیان و سەبارەت بەم تابلۆ شێعرییانە بە گشتی و بەتایبەت شێعرەکەی «مەحوی» لەگەڵیاندا بدوێم. هەرواش بوو و هەرگیز ئەوجارەم لەبیر ناچێتەوە کە زیاتر لە چەند کاتژمێر قسەمان کرد.

لە ڕاستیدا بە ئێستاشیەوە بێ مەحوی بە یەکێک لە بەتواناترین و گەورەترین شاعیرانی مێژووی ئەدەبی کوردی دەزانم و هەرچی زیاتر دەیخوێنمەوە زیاتر چێژی لێ وەردەگرم و ئەوەش مەدیوونی مامۆستای بەڕێزم. ئەو دیدارە بوو بە دەسپێکی دۆستایەتێکی نەبڕاوە و تێکەڵی بەردەوام کە تا دوایین ساتەکانی تەمەنی «وەفا» بەو پەڕی خۆشەویستییەوە هەر درێژەی هەبوو. دۆستایەتێکی وەها کە لە هەمان کاتدا کە باوک و کوڕانە بوو، هاوکات برادەرانەش بوو، هەروەها کوردانەو شاعیرانە و هونەروەرزانەش بوو. من ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار «وەفا»م دیت و لەگەڵی دوام پێم وانەبوو کە دەبێتە یەکێک لەو کەسانەی زیاترین کاریگەریی بە سەر ژیان و کەسایەتیی مندا دەبێ. کەچی بەڕاشکاوییەوە دەتوانم بڵێم لە قۆناغێکی زەمانیی ژیانم دا، «وەفا» هەڵیوەشاندم و لەسەرڕا درووستی کردمەوە. ئەوەش نەبوو هەر بە تەنیا بۆ من وابێ، بە حەقیقەت «وەفا» ئەو کاریگەرییە کاریزماتیکەی لەسەر زۆربەی ئەو کەسانەی هاتووچۆیان دەکرد و بەتایبەت شاعیران و شێعر دۆستانی ڕۆژهەڵاتی دابووە. دوور لە ڕاستی نیە ئەگەر بڵێم «وەفا» خۆی شێعر بوو، چێژ بوو، ژیان بوو، مرۆڤیش بوو.

«وەفا»ی شاعیر و ڕووناکبیر ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە گەڕەکی «خوڕێنک»ی بۆکان چاوی بە دنیا پشکووت و خەزەڵوەری ١٣٨٤ هەر لەو شارەدا تێکەڵ بە خاکی نیشتمان بووەوە. پاش گەلاوێژی ١٣٣٢ بەناوی چالاکی سیاسی چەپ لە کوردستان بۆ ماوەیەک دەگیرێ. لەمەو دواوە و پاش بەرتەسکتربوونەوەی دۆخی سیاسیی وڵات گرینگی زیاتر بە شێعرو ئەدەبیات دەدات. « وەفا» وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕو نوێخواز یەکەم بەرهەمی وەک کۆمەڵە شێعرێکی نوێی نیمایی بە ناوی «سرود پرستوو» بە زمانی فارسی لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی دا بڵاو دەکاتەوەو لەم ڕوویەوە ئەگەر بە زمانی فارسییش بەڵام وەک یەکەمین شاعیری نوێخوازی کوردی ڕۆژهەڵاتی یە کە کتێبەکەی بڵاو بۆتەوەو لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بە پێشەنگ بزانرێ. شێعرەکانی «وەفا» لەو کاتدا لە زۆربەی گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئێران وەک «آدینە، خوشە، امید، فردوسی و ....» دا بڵاو دەکرایەوەو بە تەواوی ناسراو بوو.

«استاد شفیعی «کدکنی» لەو سەردەمدا لە بارەی «وەفا»وە گوتوویەتی یەکێکە لەو شاعیرە بەتواناو شوێنداروو خاوەن هەستانەی کە لە فەزای ئێستای شێعرو ئەدەب دا بوونیان هەیە و دیارن.

شاعیری هەست ناسک و ڕچە شکێنی کورد، «وەفا» لە پەنجاکانی هەتاوییەوە ئیتر دەستی لە نووسینی شێعری فارسی هەڵگرت و بەو پەڕی توانابییەوە دەستی کرد بە کوردی نووسین و بە حەقیقەت کە لەم بوارەش دا توانیی بەرهەمی بە پێزو جوان بخولقێنێ و لەوانەیە بەم زووانە کۆمەڵە شێعرە کوردییەکانیشی بەناوی «چەپکە گوڵ» پێشکەش بە گوڵزاری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بکرێ. بەلای منەوە بەشێک لە هەرە بەهێزترین لایەنەکانی شێعری «وەفا» کۆمەڵێک چوارینەی جوان و ناسکی بەڕێزیانە کە لە جۆری خۆی دا لاپەڕەیەکی نوێی جێی سەرنجی دیاری شێعری کوردین.



**گوتت دێم و نەهاتی ئەی گوڵی من**
**لەمەش زیاتر نەهاتی سونبولی من**
**لەلای خۆی تۆ کچی کوردی و کچی کورد**
**دەڵێن هەرگیز درۆ ناکا دڵی من**

**نەهاتی بوو گوتت دێم و نەهاتی**
**نەهاتی بۆیە گرتوومی نەهاتی**
**بهاتایەی گوڵم هاتت دەهێنا**
**چ خۆشە هات بە نەحلەت بێ نەهاتت**

**گوتم کەمتر لە جەرگم بەردە بۆ سۆ**
**گوتی مەتڵەب، گوتم ماچێک، گوتی بۆ**
**گوتم ئاخر ئەوا مردم لە دووریت**
**گوتی مردن لە کوێ ئاوایە، لاچۆ**

**عومەر سوڵتانی (وەفا)**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 546 6 NOV 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# سەرکەوتنی شاخەوانێکی کورد بە سەر لوتکەی هیمالایادا



شاخەوانێکی کورد توانی بەسەر کێوی هیمالایادا سەرکەوێت.
شاخەوانێکی کوردو خەڵکی سەقزی بە ناوی «ئازاد ساڵحی» توانی بەسەر لووتکەی شاخی ٥٥٤٥ میتری «کالاپاتار» کە یەکێک لە کێوەکانی زنجیرە چیای بەناوبانگی «هیمالایا»یە سەرکەوێت و هاوکات سەردانی بنکە و کەمپی شاخەوانیی «ئێوێرێست» بکات.
ناوەندی هەواڵدەری سەقز بە ئاماژە بە ڕاپۆرتی ماڵپەڕی وەرزشیی ئارۆکەمپ لەم پێوەندییەدا بڵاویکردۆتەوە کە ، ئەم شاخەوانە کوردە بە هاوڕێیەتی تیمێک لە شاخەوانانی یانەی «ئێسپیلتی ئەلبۆرز» سەردانی نیپاڵی کردوە و توانیویەتی لە ماوەی ٢١ ڕۆژدا بەسەر ئەم شاخە بەرز و بەناوبانگەی جیهاندا سەرکەوێت.
ئازاد ساڵحی پاش سەرکەوتن بەسەر ئەم کێوەدا، ڕایگەیاندوە کە بەنیازە لە ساڵی داهاتوودا بەسەر شاخێکی حەوت هەزار میتریشدا سەرکەوێت. شایانی باسە کە ناوبراو دووەمین شاخەوانی شاری سەقزە کە ئەمسال توانیویەتی بەسەر یەکێک لە شاخەکانی زنجیرە چیای «هیمالایا»دا سەرکەوێت.

# هەڵوەشاندنەوەی کۆنسێرتێکی موسیقای هونەرمەندانی کورد لە تالاری وەحدەت

**بەڕێوەبەرانی تالاری وەحدەت لە تاران کۆنسێرتی مۆسیقای گرووپی ژیواریان لە کاتی خۆی دا هەڵوەشاندەوە.**




ئەو کۆنسێرتە کە وا بڕیار بوو ڕۆژی ٢٠ ی خەزەڵوەر لە تالاری وەحدەت بەڕێوە بچێ، بە بێ ئاگادار کردنەوەی بەرپرسی گرووپی ژیوارلە لایەن بەڕێوەبەرانی تالاری وەحدەتەوە هەڵ وەشاوەتەوە و کۆنسێرتێکی موسیقای گرووپێکی وڵاتی کوبایان بۆ ئەو ڕۆژە داناوە.
گرووپی ژیوار بە سەرپەرستیی ژیوار شێخولئیسلامی گرووپێکی مۆسیقای تایبەت بە ژەنیارانی ژنە و «ئازادە سادق تەبار»، «ڕۆزیتا جەمیان»، «سۆنیا نیزامی»، «نازەنین قاسمی»، «مەریەم مەلا»، «عەسەل مەلیک زادە« و «ئارەزوو کوچکان» لە ژەنیارانی دیاری ئەو گرووپەن.
ژیوار شێخولئیسلامی لەو پێوەندی لە گەڵ هەڵوەشانەوەی کۆنسێرتەکەیان لە لایەن بەڕێوەبەرانی تالاری وەحدەتەوە بە دەنگی ئامریکای ڕاگەیاندوە کە ئەو بڕیارە بە بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو بووە و وەزارەتی ئیرشاد هۆڵی نیاوەرانی بۆ ئەو کۆنسێرتە دیاری کردوە، ئەوەش لە حاڵێک دایە لە لایەک هەم کاتی کۆنسێرتەکەیان وەپێش خستوە و هەم بەڕێوەبەرانی تالاری نیاوەرانیشیان لەو بڕیارە ئاگادار نەکردۆتەوە.
ناوبراو لە درێژەدا ڕایگەیاندوە کە ڕەنگبێ هۆکاری ئەوەی کە بەڕێوەبەرانی تالاری وەحدەت کۆنسێرتەکەی ئەوانیان بۆ گرووپێکی کوبایی هەڵ وەشاندۆتەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە گرووپی ژیوار، گرووپێکی هونەریی تایبەت بە ژنانە و ئەندامەکانیشی کوردن.

# کۆچی دوایی دوکتور مارف خەزنەدار



کاتژمێر ١٠،٣٠ شەوی دووشەمە لەسەر سێ شەممە، ٢٠١٠/١٠/٢٥ نووسەری ناوداری کورد، دکتۆرمارف خەزنەدار، لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر، کۆچی دوایی کرد.
دکتۆرخەزنەدار، بە یەکێک لەو نووسەرە گەورانەی کورد دەژمێردرێ کە لە تەمەنی خۆیدا گەورەترین خزمەتی بە ئەدەب وزمانی کوردی کردووە.
دکتور مارف خەزنەدار، ساڵی ١٩٣٠ی زایینی لەشاری هەولێرلە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لەو شارە تەواوکردووە و بۆقۆناغی کۆتایی خوێندن، ڕووی لەزانکۆی بەغداکردووەو بڕوانامەی لیسانسی زمانی عەرەبی لەو زانکۆیە بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٦٨ی زایینی ڕووی لە وڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشووکردووە و بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەدەست هێناوە.
ئەم نووسەرە مەزنەی کورد لە ژیانی ئەدەبی خۆیدا زیاتر لە ٦٠ کتێبی لەبواری ئەدەب ومێژوویی ئەدەبی کوردیدا نووسیوە و خزمەتێکی گەورەی بەزمان وئەدەبی کورد کردووە. مێژووی ئەدەبی کوردی کە لە ٧ بەرگدا چاپ وبڵاوکراوەتەوە، یەکێک لەگەورەترین و بەنرخترین بەرهەمەکانی ئەم مرۆڤە مەزنەیە کە بەحەق بەرهەمێکی گرینگە لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا و بابەتێکی دانسقەوکەم وێنەیە.
شایانی باسە کە هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتی حدک و بە هاوڕێیەتی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە و چەند کادرێکی دیکەی حیزب لە ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی دوکتوور مارفی خەزنەداربەشداریان کرد.

# کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێدالی زێڕی بردەوە



لاوێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یارییەکانی هەڵبژاردنی باشترین بۆکسۆری وڵاتی فینلاند توانی میداڵی زێری ئەو پێشبڕکێیانە وەدەست بێنێ.
ڕەشید شاهی کە خەڵکی شاری شنۆ و، نیشتەجێی وڵاتی فینلاندە، توانیویەتی لە کێشی ٦١ کیلۆی پێشبڕکیی قارەمانێتیی بۆکسی فینلاند دا پلەی یەکەم و مێداڵی زێڕی ئەو یارییانە وەدەست بێنێ.
ڕەشید شاهی ئێستا دانیشتووی شاری لاهتی لە وڵاتی فینلاندە و ٢٢ ساڵی تەمەنە و لە ماوەی ٤ ساڵ چالاکیی وەرزشیی خۆی دا توانیویەتی ١٥ میداڵ و کاپی زێڕ و زیو و بۆرۆنزی یارییەکانی نێو خۆو دەرەوەی وڵاتی فینلاند بباتەوە.
شایانی باسە کە ئێستا ناوبراو خۆی بۆ بەشداری لە یارییەکانی ئۆلەمپیکی ساڵی ٢٠١١ ئامادە دەکا و دەیەوێ وەک کوردێکی هاووڵاتیی وڵاتی فینلاند سەرکەوتنی باش لەو یارییانەدا وەدەست بێنێ.

## چاپکراوی نوێ

### ژمارەی تازەی گۆڤارەکانی «ژنان» و «لاوان» چاپ بوون



گۆڤاری لاوان ژمارەی ٣٨_ ٣٩، کە گۆڤارێکی وەرزدییەو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا چاپ و بڵاو کرایەوە.
لەم دوو ژمارەیەی لاوان دا کە وێکڕا لە تویێ بەرگێکی ٨٦ لاپەڕەیی دا بڵاو کراوەتەوە هێندێک بابەتی بە پێزی وەک: هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی لاوان لە سیاسەت، لاوان و ئەرکەکان و ڕۆڵیان لە ژیاندا، ئەرکی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە لاوان، لاوانی کوردستان لە ڕابردووداو ئێستاو داهاتووداو ... هتد دەبینرێن.



گۆڤاری «ژنان» ژمارەی ٢٧، گۆڤاری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە.
ئەم ژمارەیەی گۆڤاری ژنان کۆمەڵێک بابەتی سیاسی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی لە خۆی گرتوە وەک؛ ئەحمەدینژاد کەوتە دوای کریستیان ئەمانپوورەوە، توندوتیژی دژی ژنان سنوور ناناسێ، قاچاغی کچان و ژنانی ئێرانی و چەند بابەتێکی گرنگی دیکەو هەروەها هەواڵی کارو چالاکییەکانی یەکیەتی ژنان لە خۆ دەگرێ.




## بەر لە ماڵاوایی

# ڕێژەیی بوونی تەوەری مافی مرۆڤ

**سامان فەقێ نەبی**

تەوەری مافی مرۆڤ یەکێکە لە باس هەڵگرترین بابەتەکانی مێژووی هزری مرۆڤایەتی و بە ئێستاشیەوە بێ کۆدەنگییەکی گشتگیری ئەوتۆ لەم بەستێنەدا بەدی ناکرێ. جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیش تەنیا یەکێک لەچوارچێوە دیاریکراوەکانی ئەم بوارەیە کە لەگەڵ سەلماندنی لەلایەن زۆربەی حکوومەتەکانیشەوە بەڵام تا گەیشتنی بە وەدیهاتنی گشتیی ئامانجەکانی مەودایەکی زۆر لەپێشە.
هۆکاری سەرەکیی وەدینەهاتنی گشتیی جاڕنامەی مافی مرۆڤ ناتوانین تەنیا بە پێکهاتە و چەمکە نادێموکراتیکەکانی زۆرینەی وڵاتانی دنیا ببەستینەوە، بەڵکوو دەبێ لەو فۆڕم و بایەخانەیدا ببینین کە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بە درێژایی مێژوو وەکوو فەرهەنگی ژیان بۆ خۆیانیان پێناسە کردووە.
ئەو نەریت و بایەخانەی لە ناخی بەستێنی بنەماڵەوە دەست پێدەکا و لەپرۆسەی گەشەی کەسێتی مرۆڤدا دووبارە گوڵ دەگرێتەوە و نیزامە حکوومەتییەکانی هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگاکانیش کە بە شێوەیەکی گشتی لە ئاکامدا ڕەنگدانەوەی هەمان ئاراستە و نەریت و بایەخانەن، بۆ جارێکی دیکەش لەسەرڕاوە بەرهەمیان هێناوەتەوە.
لەڕاستیدا حکوومەتە سەرکووتکەرەکان تەنیا تاوانبارانی ڕەچاونەکرانی ئەوپڕەنسیپانە نین کە لە جاڕنامە نادەربەستەکەی جیهانی مافی مرۆڤدا ئاماژەیان پێکراوە. چون هەر وەکی گوتراوە مافە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەر کەسێک لە هاوپێوەندیی ڕێژەیی لەگەڵ ئاستی پێشکەوەتوویی و بەرەو پێش چوونی فەرهەنگی ژیانی کۆمەڵگاکەیدا توانایی پەسەندبوون و وەرگرتنی گشتی دەبێ و بەزاندنی سنوور و چوارچێوە بایەخدار وکردارییەکانی کۆمەڵگا دابڕاون و تەریک کەوتنەوەی لێ دەکەوێتەوە.
لەراستیدا نەتەنیا مافە دانراوەکان کە هەڵقوڵاوی بنکە فەرهەنگییەکانی بنەماڵە و کۆمەڵگا و حکوومەتەکانن، بەڵکوو زۆربەی کات مافە سروشتییەکانی مرۆڤیش بەدەر لە کاریگەریی و دەستێوەردانی ئەم بنکانە نین.ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە نە تەنیا لە ئاستی تاک و کۆمەڵگا بەڵکو سەبارەت بە مافی دەوڵەتەکانیش لە نیزامی نێونەتەوەیی دا دەبینرێ و ڕێژەیی بوونی گوتاری ماف لەپێوەندیی نێونەتەوەییش بەروونی دەبیندرێ.
گەرچی بیرۆکەی ڕێژەیی بوونی تەوەری مافی مرۆڤ لە زۆربەی بوارەکاندا بۆتە ئامرازی حکوومەتە سەرکوتکەر و تۆتالیتێرەکان بۆ سەلماندنی پێشێلکردنی هەندێک شوێنی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، بەڵام لە حەقیقەتدا نابێ کێشەکە لە دەروونی ئەم جۆرە حکوومەتانەدا بە شوێنی دا بگەڕێین. مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی تاکەکان لە کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی ژیانی کۆمەڵگاکەیانە. پڕ دیارە کە ئەو کەسانەی لە دەروونی خێزانە سەرکوتەر و پێگەیشتووەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەرەنجامی وەها بنەماڵە گەلێکن ناتوانن بەشەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە بەرامبەر یەکتردا ڕەچاو بگرن و بەکردەوە لە کاری بکەن. پێکهاتە حکوومەتییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە توانایی سەلماندن و لەکار کردنی ئامانجەکانی ئەو جاڕنامەیەیان نابێ. دووریش نیە ئەگەر بە ڕێکەوت حکوومەتێک بیهەوێ هەموو مافە دیاریکراوەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لەوەها کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دا لەپێوەندی لەگەڵ هاووڵاتییەکانی خۆی دا لەبەرچاو بگرێ و بە کاریان بێنێ، لەگەڵ دژکردەوە و بەرەنگاریی ڕای گشتی ڕوبەڕوو دەبێتەوە.
لەم پێوەند دا بابەتگەلی وەک ئازادیی ڕادەربڕین و نەبوونی جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو دا کە هێشتاش وەک شتێکی خەیاڵی لە هەندێک کۆمەڵگادا سەیری دەکرێ تەنیا دەبێ لە ڕوانگەی ڕێژەیی بوونی ئەم چەشنە بابەتانەوە هەڵسەنگێندرێن.
لەم جۆرە کۆمەلگایانەدا کە مافی ئازادیی بەیان لە دەروون دا دەکوژرێ و چوارچێوە ئیدیۆلۆژیکەکانیش کەپێکهێنەری بەشێک لە فەرهەنگی ژیانی کۆمەڵن (وەک بەربەستە مەزهەبییەکان) لە ئاستی گشتی دا مافی ئازادیی بەیان بەرتەسکتر دەکەنەوە. کە وایە نابێ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن حکوومەتەکانەوە بە شتیکی سەیر بزانین. دەبێ چاوەڕوانیی ئەوەشمان بێ کە ئۆپۆزیسیۆنی ئەم جۆرە حکوومەتانەش بەجۆرێکی تر بەرهەم هێنەرەوەی ئاراستەیەکی وەهابن. تەوەری یەکبوونی مافی ژن وپیاویش بە دڵنیاییەوە لەم کۆمەڵگایانەدا دەرەنجامیکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە. تەنانەت لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکانیش دا ئەم کێشەیە هێشتا چارەسەری تەواو نەکراوە. لەو کۆمەڵگایانەدا کە ژن و پیاو هەردوو لە فەرهەنگێکی سەرکوتکەرانە پاراو دەبن و لەم نێوەشدا ژنان دیدێکی نادرووست و لاوازیان لە خۆیان هەبێ، دیارە کە باسکردن لەیەکبوونی مافەکانی ژن و پیاو بێمانایە.
بەگشتی ڕێژەیی بوونی تەوەری مافی مرۆڤ بەپێودانگی ئاستی فەرهەنگی ژیانی هەر کۆمەڵگایەکەوە بابەتێکە کە ناکرێ چاوپۆشیی لێ بکرێ و نووقم بوون لەو بابەتەدا کە جیهانگیری و گشتگیر بوونیان تەنیا لە ئاستی قسە دایە هەرگیز گرێیەکی شایان لەم گرفتانە ناکاتەوە.

**وەرگێڕان بۆ کوردی: وریا ڕەحمانی**